حەسەن ئەیوبزادە- مافناس

تێبینی: پیتی ء کە لەسەرەتادا بنوسرێ نون نیشان دەدا

**دوو جینایەت**
**دوو دادگا (میکونوس و سولەیمانیی)**
**دوو قەرار( حوکمی دادگای میکونوس و دادگای سولەیمانیی)**

لە 17 سێپتامبری ساڵی 1992 دوکتور صادق شەرەفکەندیی ، سکرتێری حدکا و سێ هاورێی بەم ناوانە: هومایون ئەردەلان، فتاح عەبدولی و نوریی دێهکوردیی لە برلێن( رێستۆرانی میکۆنۆس) بە دەستی تێرۆریستەکانی ئێرانیی/ لوبنانی تێرۆرکران. بەشێک لە تێرۆریستەکان گیران. تاوانەکانیان لە دادگادا سەلمێندران و حوکم دران. حوکمدراوان زیندانی کران. وێرای ئەوە دادوەرانی دادگەی میکۆنۆس چەند کەس لە سەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان بە دارێژەر و فەرماندەری پیلانی جینایەتی تێرۆر مەحکوم کرد .
رەوتی دادگاییکردنی جینایەتکارانی میکونوس لە دوو کتێبی: " سیستم جنایتکار" اسناد دادگاه میکونوس" و " هنوز در برلن قاضی هست " لەو ناونیشانە ئینترنێتییەی خوارەوە دا بە زمانی فارسی بخوێنەوە!

http://aflatoon-irani.persiangig.com/Ketab/Siyasi/berlin-mikonos.pdf

دادوەرانی ئاڵمانیی دادگەی میکۆنۆس, کارگێرانی ئەمنییەتیی دەوڵەتی ئاڵمانیان خستە ژێر گوشار و ناچاریان کردن، نهێنیی کردەوە تڕۆریستییەکانی کارگێرانی پایەبەرزی کۆماری ئیسلامیی ئێران بدرکێنن. دادوەرانی دادگای میکونوس لە لێکۆڵینەوەکانیاندا بەو ئاکامە گەیشتن کە ، رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، نێزامێکی تێرۆریستییە. لەو رووەوە بە " سیستمی جینایەتکار" پێناسەیان کرد.
شازدە وەزارەتخانە و ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی باڵوێزخانەکانی ئێران لە دەرەوەی وڵات، بۆ تێرۆری دوکتور شەرەفکەندیی کاریان کرد. بەپێی زانیارییەکانی دەزگای دادوەریی ئەلمان، کارگێرانی رێژیمی تێرۆر بۆ بەرێوەبردنی جینایەتەکانیان، لە زانیاریی سیخورەکانیان لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە باڵاترین ریزی تەشکیلاتیی ئەوحیزبە و لە ئەندامانی حیزبە سیاسییە کوردستانییەکانی باشور، کەڵکیان وەرگرتبوو. رژیمی تێرۆر پێشتریش بۆ ئێعدام - تێرۆری دوکتور قاسملوو و عەبدوڵلا قادریی تۆرێکی سازماندراوی ئیتتیلاعاتیی حیزبێکی کوردستانیی هاوپەیمان لە ڤییەن بۆ ئەو جینایەتە لەخزمەت دابوو.
کاتێک رێبەرایەتی حدکا، لەژێر گوشاری جەلال تاڵەبانیی و صحرارودی ( قاتڵی د.قاسملوو) حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بەرەو کوشتارگەی کۆیە رادا، رانەگەیەندرا کە چ کەسانێک ئەو بریارە خائینانەیان دابوو. هێچکام لە ئەندامانی رێبەرایەتی ئەو کاتی حیزبی دیموکرات، خۆی بە مەسئولی ئەو تاوانە نازانێ. **(کریس کۆچرا لە کتێبەکەیدا، ئەو رادانە بە کاری مەلا عەبدوللاحەیاکی(حسن زادە) ناودەبا. بروانە ! جنبش ملت کرد ،کریس کۆچرا، ص. 285 پاراگراف 1 ترجمه عزیز ماملی.**
برپاردەر، یان برپاردەرانی حدکا، دەیانزانی کە چوونە ژێر چاودێریی سکرتێری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بە مانای چوونە ژێر حاکمییەتی دەزگای تێرۆری کۆماری ئیسلامیی یە. بە

واتای ئاواڵەکردنەوەی دەستی تێڕۆریستان بۆ کوشتاری پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دێموکراتە. دەیانزانی کە بەجێهێشتنی وڵاتەکەی خۆیان و چۆڵ کردنی مەیدانی خەبات، ئەو دەرفەتە بۆ پاسدارانی جینایەتکار پێک دێنێ کە، لە زیندانەکانیان دا هەموو ئەتکێک بە سەر ژن و کچی کورد بێنن، گوشار بخەنە سەر خەلک و بنەماڵەی پێشمەرگە. بەسەرهاتی زیندانییەکانی ئەو دواییەیانەی " کهریزک"، فیلم و سکالای ژنانی کورد لە یوتیوبدا ببینە، دەنگیان ببیسە و لە قووڵایی برینی رۆحیی و تیکشکاویی قەڵافەتی ئازاردراوی فیداکارانی ئەو گەلە وردبەوە!

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دوای تێرۆری دوکتور شەرەفکەندی کەسایەتییەکی خاوەن پرستیژ، سیاسیی و خاوەن بریاری سەربەخۆی نەبوو کە بتوانێ حیزب رێبەریی بکا. کەس یا کەسانێک کە دوای تێڕۆری د. شەڕەفکەندیی رێبەرایەتیی حدکایان بە دەستەوە گرت بە گوێرەی وتەکانی د.قاسملوو( کورتە مێژووی رێبەرایەتیی حدکا) لەو کۆڕە بوون کە بە فێلباز، درۆزن و خورێنی چەک و پارە ناوی بردبوون. ئەو رێبەرایەتییەیە لە 18 ساڵی پەنابەریی‌خۆیدا بریتی بووە لە چەند تاقم و هەرتاقمێک هەوڵی‌دابوو، ببێتە بەڕیوەبەری فەرمانی جەلال تاڵەبانیی کە گوێڕایەڵ و هاوپەیمانی کۆماری ئیسلامیی بۆو. کۆماری تێرۆڕ بە کەلک وەرگرتن لە پێوەندیی نزیکی لەگەل ینک و بە تایبەتی شەخسی تاڵەبانیی توانیبووی تۆڕی جاسووسیی خۆی لە نێو ئەو تاقمانەدا بڵاوبکاتەوە.
تێرۆڕی دوکتور شەرەفکەندیی، هەبوونی جاسوسی رژیم بە وتەی دادستانی برلێن لە نێو ئەو چوار کەسە تێرۆڕکراوەی میکونوس‌دا، قەراردادی نهێنیی و هاوکاریی ناراستەوخۆی مەلا عەبدوللا حەسەن‌زادە وکۆماری ئیسلامیی، تێرۆری سەدان ئەندام و لایەنگری حیزب لە باشور رواداوگەلێکی چاوەروان کراو بوون. هەر لێکۆڵینەوەیەکی کە تا ئەمرۆ لە مەر تێرۆری دوکتور قاسملووو دوکتور شەرەفکەندیی و سەدان تێڕۆرکراوی حیزب کراوە، تەنیا رووی لە کۆماری تێڕۆڕبووە و باسی هاوکارانی دەزگای تێڕۆری کۆماری ئیسلامیی لە نێوحیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزب و رێکخراوەکانی دیکەی دۆستی حیزبی دێموکرات نەکراوە. دەزگای تێڕۆری کۆماری ئیسلامیی بەبێ هاوکاریی ئیتتیلاعاتیی رێبەرایەتیی حیزب، نەیدەتوانی ئەو حیزبە تەفروتونابکا. وتەکانی فلاحیان(وەزیریدەزگای ئیتتیلاعاتی کۆماری ئیسلامیی) پاڵپشتی ئەو بەشە لەو زانیاریانەن کە لە پەروەندەی میکونوس و تێرۆڕی دوکتور قاسملوو لە ڤییەن کۆکراونەوە.
ئەو تاقمەی دوای دوکتور شەڕەفکەندیی بوو بە بەڕێوەبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان، جیا لەخۆژیاندن و بازرگانیی بە ناوو ئیعتیباری رێبەرانی کورد و فریودانی پێشمەرگە، کردەوەیەکی خێرخوازانەی بۆ کورد نەبووە. بەسەرهاتی ئەو حیزبە بەڵاڵێدراوە دەبێ لە سەرجەمی ئەدەبیاتی گۆڕستانیی ئاخوندیی حیزب و خۆهەڵکێشانی دۆنکیشۆتیی - خێڵەکیی ساڵەکانی ئۆردوگانشینیی رێبەرایەتیی ئەو حیزبەدا بخوێندرێتەوە.
دوای ڕاکردنەکەی " رێبەڕایەتی چاخی نوێی حدکا" و جێگیرکردنی لە دەوروبەری کۆیە، رێکخستنی پلانی کوشتاری بە کۆمەلی کادرو لایەنگرانی حدکا دەستی پێکرد. ئەو کەسانەی کە زەمینەی کوشتارو تێرۆڕی ئەو خەلکەیان بۆ کۆماری ئیسلامیی و تێرۆڕیستەکانی رەخساند بەرپرس و شەریکە تاوانی هەموو ئەو کوشتارەن کە لە ئۆردوگای کۆیە و شارەکانی باشوری کوردستان کراون.
لە بەلگە نامەی ژمارە 57 "کتێبی بەڵگەنامەکانی " شەری نێوخۆیی کوردستانی عێڕاق چۆن دەستی پێکرد و کێ لێی بەرپرسیارە" کە بە خەتی سەرۆک تاڵەبانی بۆ دەفتەری سیاسیی حدکا نووسراوە، دەردەکەوێ کە، پیلانێک بۆ توناکردنی ئەو حیزبە بەدەستەوە بووە و رێبەرایەتی خۆ بە دەستەوەدەری حدکا ئاگاداری بووە. بەڵگەنامەکان دەریدەخەن کە ینک لە خاڵی لاوازی

حدکا ئاگادار ببوو و دەیزانی کە ئەو تاقمەی کە دوای د.قاسملوو د. شەرەفکەندی بوون بە بەرپرسی حدکا، جیا لە تەسلیم بوون ڕێگەکی دیکەیان نەناسیبوو. سەرۆکی ینک دەیزانی کە ئەو تاقمە فڕیان بە جیهانی سیاسەت و نیشتمانپەروەریی‌یەوە نییە. بڕوانە ئەو نامەیەی کە سەرۆک تاڵەبانی بۆ د.فتەری سیاسیی حدکای نووسیوە:

**یەکێتی ی نیشتمانی ی کوردستان**
**سکرتێری گشتی**
**هەڤاڵانی دەفتەری سیاسی حدکای تێکۆشەر**
**سڵاوێکی گەرم شادی و خۆشیتانم داوایە**

***"ناردنەوەی هێزەکانتان لە ناوچەکانی بن دەستی ئێمە بۆ ئەو دیو ، ئەنجامەکەی هاندانی جمهوری ئیسلامی‌یە لە ی. ن. ک.[ یەکێتی نیشتمانی کوردستان] بۆ یارمەتی‌دانی پارتی و ئیسلامی دژی ە. پ . ک. ( هێزی پێشمەرگەی کوردستان)هەر وەک دەبێتە هۆی و مایەی بڕینی رزقی خەڵکەکەی موچەخۆرە لامان.***
***بۆیە ناتوانین ئەو کارانە لە دوژمنایەتی‌کردنی ی. ن. ک. زیاتر بە هیچ شتێکی تری تەفسیر بکەین.***

***<u>زۆر بەداخەوە تکاو رجامان نەیخوارد لاتان[!] بۆیە ناچارین لەمەو دوا تەدابیری پێویست بۆ پاراستنی خۆمان و ە.پ.گ. و رزقی خەلکەکەمان وەرگرین مەکتەبی سیاسی ی. ن .ک."</u>***

**بڕوانە کتێبی شەری ناوخۆی کوردستانی عێراق ، چۆن دەستی پێکرد و کێ لێی‌بەرپرسیارە. ل. 366 دیراسەت 29 بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، ساڵی 1997پارتی دێموکراتی کوردستان، مەکتەبی دیراسات.**

حیزبێک هێزی پێشمەرگەی هەبێ و ئیددیعا بکا کە لە سەتا نەوەتی خەلکی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان پشتیوانێتی، بە کام عەقڵییەت و سیاسەت و لێکدانەوە دەچێتە ژێردەسەڵاتی حیزبێکی دیکە کە سەرچاوەی بژیوو دەسەڵات و هەبوونی کۆماری ئیسلامیی بێ؟ !

سەرۆکی ینک نەینووسیبوو کە ئەو " تەدابیری پێوست"ە چی‌بووە و دەیویست چیییان لێ بکا؟
لە حیزبێکی خێڵەکیی‌دا کە سکرتێر" هەمیشە پیشەی کەم رۆژیی‌یە" و گەزو جاوەکەی بەدەستە، هەرخۆی دەیبڕێ و دەیدوورێ، دیارە کە دەفتەرو دەستەک نییە. هیچ رووداوو بڕیارێک نانووسرێ، کەس لەڕاستیی بەسەرهاتەکان و نهێنیی پشتی پەردەدە و سات‌وسەودای ئاگادار نییە. لەحیزبێکی ئاوادا هەموو شتێک وەکو سامانی حیزب لە ئەندام و کادری حیزب ونە. کەس نازانێ سەرچاوەی داهاتی حیزب چەندە و لەکوێرادێ. **تۆ بڵێی ئەندامانی ئەو حیزبە لە نامەکانی جەنابی تاڵەبانیی لەمەر حدکاو بڕیاری دوولایەنە و چەندلایەنەی ناوبراوو و مەلا عەبدوللا حەسەن‌زادە، کازمیی و رەزایی و سەردارجەعفەریی ( قاتلی د.قاسملوو) ئاگادارین؟ ئاخۆ ڕای ئەندامێکی ئەو حیزبە بۆ بڕیاری ڕادانی حیزب بەرەو کۆیە وەرگیرابوو؟**

**دوای لەقاودانی قەراردادی ئاشبەتاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن محسن رضائی، سەرپاسداری پێشتری کۆماری ئیسلامیی‌یەوە، مەلاعەبدوللا حسن زادە ( حیاکی)، هەبوونی ئەو قەرارادە نهێنیی‌یەی کە 13 ساڵ بوو حاشای لێدەکرد، ئاشکرا کرد. یەک تشت لەو خەیانەتەدا ئاشکرا نەبووە، ئەویش قیمەتی ئەو قەراردادەیە . مەلا عەبدوڵلا لەو دانپێدانانەشدا وەبیری پاسدارەکانی هێنایەوە کە سپای پاسداران بێ رەزامەندیی مەلا عەبدوڵلا مافی بڵاکردنەوەی دەقی قەراردادەکەی نییە.** سەرۆکی حدکا لە شانۆگەریی بەناو

هێرشی نیزامیی کۆماری ئیسلامیی دا بۆنووسینی قەراردادی چەکداماڵین و ئاشبەتاڵی یەکجاریی حدکای بە قارەمانی شەر و کۆماری ئیسلامیی بە رووڕەشی تێشکاو نادێر کردبوو.
( کوردستان ژمارەی 236 سالی 1996)

بگوترێ دوو قەراردادی نهێنیی لە نێوان مەلا عەبدوڵلاوئەندامانی حوجرەی سیاسیی حدکا و مەکتەبی سیاسیی ینک و تیرۆریستەکانی نوێنەری کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بەستراوە:
یەکەمیان قەراردادی نێوان ینک و مەلا عەبدولا بۆڕادانی کادرو پێشمەرگەی حیزبەکەی شەرەفکەندیی بۆ ئۆردوگای [هەر] مۆتە ( گێلەپیاوێک بووە و بە تەنیا لەو شوێنە ژیاوە کە ئێستا ئۆردوگای رێبەرایەتی حیزبە پەنابەرەکانە) .
دووهەم قەراردادی ئاشبەتاڵ و هێرشی نومایشیی رژیم بۆ سەر ئۆردوگای پەنابەریی هەرمۆتە لە پەنا شارەکەی حاجی قادری کۆیە.
**لەو سەدان کەسەی لە نێو حدکادان، کەس لە ئاکامی رێکەوتنی مەلاعەبدوللا و صحرارودیی و کاظمی نە پرسییوە کە بۆچی قەراردادی نهێنیی مەلا عەبدوللا و کۆماری ئیسلامیی بڵاو ناکرێتەوە؟ چ پیلانێک دژ بەو خەلکە هەژارو ئەو کادرو پێشمەرگەیە لە لایەن مەلا عەبدوللاوە قبوول کراوە کە زانینیان بقەیە؟ چ ئەرکێک بە حسنزادە سپێردرابوو کە نابێ ئاشکرا بکرێ؟**
بێدەنگیی رێبەرایەتی حدکا و حدک لەمەر ئەو پیلانە نهێنیی‌یە ئەوە دەگەیەنێ کە هاوکارانی مەلا عەبدوڵلا حیاکی لە هەر دوو بەشی حدکا لەو پیلانەئاگادار بوون. لە هەل و مەرجێکی ئەو تۆدا هەموو ئەندامانی کومیتەی ناوەندیی و دەفتەری سیاسیی هەر دوو بەش بەرپرسی ڕادانی حیزب و ئیمزای قەراردادی ئاشبەتاڵ و پێکهێنانی زەوینەی تیرۆری سەتان مرۆڤی بێ تاوانی کورد لە باشوری کوردستانن.
رێبەرایەتی حدکا، بەر لە لەتکردنەکەی لەلایەن مەلا عەبدوللا حەسەنزادەوە، بۆ ڕاگرتنی حوجرە سوتاوەکەی لە کۆیە و وەرگرتنی جیرەیەکی مانگانە قبووڵی کردووە:
چەک لە شانی پێشمەرگە داماڵێ. ئەندام و لایەنگرو کادری حیزب مافی دیفاع کردن لە خۆی نەبێ. هاوکاریی ناراستەوخۆی کۆماری تێرۆر بکا( پێکهێنانی زەوینەی تێرۆر و پەردەپۆشیی جینایەتی تێرۆر) سەرئەنجام ئەو گروپە حیزبی دێموکراتی کرد بە بەشێک لە دەزگای زانیاریی ینک و کۆماری ئیسلامیی. بروانە دەقی ئاشبەتاڵنامە4.8.1996 و جەژنی تێشکانی کۆماری ئیسلامیی بڵاوکراوە لە ئۆرگانی کوردستاندا.!



KURDISTAN
The Organ of Central Committee of
The Democratic Party of Iranian Kurdistan
No: 236 August 1996

بەڕێزبێ ٢٥ی گەلاوێژ، ساڵرۆژی دامەزرانی حیزب

١٣٢٣

سکرتێری گشتیی حیزب لە جێژنی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٧٥ دا:

## ئەمڕۆکە ڕۆژی جێژن و شادمانی‌یە، هەم بۆ یادی دامەزرانی حیزبە خۆشەویستەکەمان، هەم بە شانازیی تێک شکانی هێرشی کۆماری ئیسلامی

دوانیوەڕۆی ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٧٥، ڕێ‌وڕەسمێکی بەشکۆ بە بەشداریی ئەندامانی دەفتەری سیاسی، ژمارەیەک لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی‌و سەدان کەس لە تێکۆشەرانی حیزبی‌و بنەماڵەکانیان لە یەکێک لە بنکەکانی حیزب لە نزیک شاری کۆیە بەڕێوەچوو. ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵکی بەشەرەف‌و دێموکرات دۆستی کۆیە بۆ ئەم جێژنە بانگهێشت کرابوون. لە سەعات ٦/٣٠ی دوانیوەڕۆ را جێژنەکە بە سروودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێ‌کرد. پاشان هاوڕێی بەڕێز مامۆستا «عبدالله حسن‌زادە» سکرتێری گشتیی حیزب وتارێکی گرنگی پێشکێش کرد. لە بەشەکانی دیکەی ئەو ڕێ‌وڕەسمەدا چەند پارچە پەخشان، شانۆیەکی کۆمیدی‌و کۆمەڵێک سروود و گۆرانی پێشکێش کران. ئەوەی لێرەدا دەخرێتە بەرچاوی خوێنەرانی بەڕێزی «کوردستان» دەقی قسەکانی سکرتێری گشتیی حیزب لەم ڕێ‌و ڕەسمە دایە:

میوانە بەڕێزەکان، خوشک و برایانی ئازیز!

بەبۆنەی پەنجاویەکەمین ساڵرۆژی دامەزراندنی حیزبە خۆشەویستەکەمان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، پڕبەدڵ بەخێرهاتنتان دەکەم. سپاسی میوانە بەڕێزەکان دەکەم کە لەو ڕۆژی جێژن‌و خۆشی‌یەدا لەگەڵمانن‌و لە نزیکەوە شادیمان لەگەڵ دەکەن. پیرۆزبایی ئەو ڕۆژە تاریخی‌یە لە ئێوە، لەهەموو تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەرجێیەک هەن‌و لە هەموو کۆمەلانی خەڵکی بەشەرەفی کوردستان دەکەم.

لە ڕۆژی دامەزرانی حیزبە تێکۆشەرەکەمان دا جێی خۆیەتی بە عینوانی وەفا و ئەمەگناسی سەری تەعزیم بۆ یادی دامەزرێنەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و لە پێش هەموویانەوە پێشەوای نەمر «قاضی محمد» دابنوێنین.

سڵاو لە هەموو ئەوانە کە لە ڕێگای ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌دا تێکۆشاون‌و گیانیان داناوە. هەروەها سڵاو بۆ هەموو ئەو کەسانە کە خشتێکیان لەسەر دیواری بەرزی تێکۆشان و خەباتی پڕشانازیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران داناوە.

ئەمڕۆ پەنجاو یەک ساڵ یان بڵێین یەک ساڵ لە نیو سەدەی دووهەمی تەمەنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تێ‌دەپەڕێ. لە ماوەی ئەو پەنجاویەک ساڵەدا، ئەم حیزبە ڕێگایەکی پڕکەندو لەندو هەوراز و نشێوی بڕیوە، زۆر جار کەوتوە بەڵام هەمیشە هەستاوەتەوە، برینی گەورەی هەڵگرتوە، بەڵام لە مەیدان دەرنەچووە، هەمیشە جێگای ڕێز و متمانەی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان بووە، خوێنی لە پێناو دابەخشیون، ماندوویی لە پێناو دا چاشتوون‌و قەت لە ڕێگای ئامانجەکانیان لای نەداوە. بۆیە هەمیشە خۆشەویستی کۆمەلانی خەڵک بووەو جێژنەکانی لە پێش هەموو شیانەوە جێژنی دامەزرانی هەموو ساڵێ لە هەموو هەلو مەرجێک دا تەنانەت ئەگەر لە کۆڕی بنەماڵەکانیش دابووبێ، یادکراوەتەوە. زۆرمان نەگوتوە ئەگەر دەڵێین حیزبی دێموکراتی کوردستان وا دەگەڵ کۆمەلانی خەڵکی کوردستانی ئێران تێکەڵ بووە کە لێک جیاکردنەوەیان کارێکی یەکجار دژوارە. ئەگەر نەڵێین نامومکینە. ئێمە تێکۆشەرانی ئێستای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران شانازی دەکەین کە ئاڵای ئەو خەباتە پیرۆزمان بەدەستەوەیە. ئاڵایەک کە لەسەر شانی دەیان هەزار شەهید و بەتایبەتی شەهیدانی سەربەرزی وەک «قاضی» و «قاسملو» و «شرفکندی» و زیاتر لە بیست ئەندامی دیکەی ڕێبەرایەتیی حیزب گەیشتوەتە دەستی ئێمە.

جێژنی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەموو وەختێک بۆ تێکۆشەرانی حیزب‌و بۆ کۆمەلانی خەڵکی کوردستان

٧

کۆچی دوایی تێکۆشەرێکی بەوەفای حیزبەکەمان ٨

ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسی بەبۆنەی شەهید بوونی هاوڕێ «خلیل محمدی» فەرماندەی بەتالیۆنی سنە ١١

چەند هەواڵێکی گرنگی ئێران و جیهان ١٠

بەیاننامەی هاوبەش ١٥

بۆ هاوکاریی زیاتری هێزە دێموکرات و پێشکەوتووەکانی ئێران تێ بکۆشین

جاسوسیی بۆ ڕژێم لە پلەی هەرەسەرەوەی حیزبی دێموکراتدا ئەوەندە ئاشکرا بووە کە بە وتەی دادستانی دادگەی برڵین، ئاغای جەلال تاڵەبانی لە کۆبونەوەی ئەنترناسیۆنال سۆسیالیستدا بە دوکتور صادق شەرەفکەندیی گوتبوو: " بە پێی ئەو خەبەرانەی کە ئێمە هەمانە، مەئمورەکانی

ئێرانیی بە شوێن تۆوەن"*ص. 39 هنوزدر برلن قاضی هست". مەعلووم نییە جەلال تاڵەبانی لە ئاڵمان ئەو خەبەرەی لە کوێ و لەلایەن کێوە پێدرابوو؟

کاری بەشێک لە ڕیبەرایەتی حدکا لە 18 ساڵی ئۆردوگانشینیدا خۆژیاندن و هەڕاجی دەسکەوتەکانی کورد و سەرپۆش خستنە سەر جینایەتەکانی ڕژیم بە تایبەتی خەوش خستنە سەر کەسایەتیی سیاسیی دوکتور قاسملوو و شەرەفکەندیی بووە. نوسینی کتێب لە سەر دوکتور قاسملو لە لایەن نەزانێکەوە بە سەرپەرشتیی و لەژێر چاوەدێریی مەلا عەبدوللا و شانۆگەریی سێ کەس لە مامۆستاکانی زانکۆی کۆیە ، بێ ئەوە لاپەڕەیەکیان لە سەر ژیانی قاسملوو خوێندبێتەوە داستانێکی سەیرە. بڕوانە تێرۆری بیرو ئەندیشە.

http://www.peshmergekan.com/index_a.php?id=2390

ئەو جەماعەتە، جارێک زانیارییەکانی جەلال تاڵەبانییان سەبارەت بە تێرۆری د.قاسملوو و د.شەرەفکەندیی نەپرسی. لە نەوشیروان مستەفای بەشدار لە چەند کۆبوونەوەدا خەبەرێکیان نەزانی. دێرێکیان لە پەروەندەی ئەو جینایەتە نەخوێندەوە. ئەوەی بڵاویان کردەوە ساختەچێتیی و خەیاڵی شەپڕێوی خۆیان بۆ پەراندنەوەی هاوکارانی کۆماری ئیسلامیی بووە. سکرتێری حیزب بوو بە دەروێشی خومەینی وبە نهێنیی لەگەڵ قاتڵەکانی کورد ڕێکەوت و فتوادەری جیهادی کوردی بە " خوالێخۆشبوو ئیمام خومەینی" پێناسە کرد.
وتەکانی دادستانی برلین لە پەروەندەی تێرۆری د.شەرەفکەندییدا لەمەر هەبونی جاسوسی کۆماری ئیسلامیی لە نێو ئەو سێ کەسەی کە لەگەڵ دوکتور شەرەفکەندیی تێرۆر کران (لانیکەم لە کەسێک زیاتر) و وتەکانی تاڵەبانی لەمەر ئاگادارکردنەوەی د. شەرەفکەندیی لە پیلانی کوشتنەکەی دەریدەخەن کە هێڵی هاوکاریی بۆ لە نێوبردنی د.شەرەفکەندیی لە نێوخۆی حیزبدا دەوری سەرەکیی گێڕاوە.
بوونی جاسوسی ڕژیم لە نێو ئەو هەیئەتە سێ کەسی‌یەی حدکا لەگەڵ دوکتور شەرەفکەندیی لە برلین، ئەو دەرەتانەی بۆ تێرۆریستەکان پێک هێنابوو کە بتوانن لە ماوەی یەک ڕۆژدا شوێنی کۆبوونەوەی دوکتور شەرەفکەندیی و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیی( دۆستانی ستراتێژیکی ڕێبەرایەتی ئاشبەتاڵ) لە شاری برلین بزانن و بیانکوژن.
بۆ شارەزابوون لە کارنامەی 18 ساڵەی ئەو جەماعەتە پەنابەرە "کوردستان" ئۆرگانی حدکای ساڵەکانی 1992 تا ئەمڕۆ بخوێنەوە! لە وتووێژەکانی پرێزیدێنت تاڵەبانی لەسەر حدکا وردبەوە! چاوێکی سەرپێیی بە دوو کتێبی " هنوز در برلن قاضی هست" و سیستم جنایەتکاردا بخشێنە! حوکمی دادگای میکونوس و پەروەندەی تێرۆری دوکتور قاسملوو و عەبدوللای قادریی بخوێنەوە!
**خۆ ژیاندن بە "یەکێتی نیشتمانیی" لەلایەن مەلا عەبدوڵڵا حەسەنزادەوە بە ناوی " تەجروبەی باشور" ناوی لێنرا. ئەوکارە بۆ پڕکردنی گیرفان و توناکردنی ڕەنج و مەینەتی هەزاران گیانفیدای گەل بوو.** ئەو ڕێبەرایەتییە خێڵەکیی - ئاخوندییە، فەرهەنگی گەندەڵیی، جاسووس مەسلەکیی، خۆبەدەستەوەدان، دووبەرەکیی، بەخیلییو فشەفشکردنی عەوامانەی لە سیاسەتی کورددا کردەباو. ئەوەش وەچەیەکی لێکەوتەوە کە نە لە کۆمەڵگای ئەمڕۆدا جیی هەیە و نە دەرەتانێک بۆ ڕزگاربوونی لەو زەلەقە بەدی دەکرێ.

**شەهید کردنی 4 پێشمەرگە بە دەست یەکیەتی نیشتمانی کوردستان و یەکێک لە شەهیدەکانی تر چەند دەقەیەک پێشتر لە نزیک سەدی دوکان**



با لێرەدا بەسەرهاتی 4 پێشمەرگەی ئێعدامکراوی حدکا، کە دوازدە ساڵە لە بەرپرسانی جینایەت وەژوور دەکەون و دەڵێن:" ئێوە تاوانبارن! بۆچی ئێعدام کراین؟ لە دۆکۆمێنتەکانی حدکاو ینکدا بخوێننەوە. ئەوە بۆ سێزدە ساڵ دەچێ کە کەسێک ، هاواریان نابیسێ. هەموو کەڕ و کەڕ و لاڵن. هیچکەس وڵامێکی بۆ ئەو پرسیارانە نییە.
با ئێعدامی ئەو چوار پێشمەرگەیە و تێرۆری میکونوس کە لە دوو شوێنی ئەم جیهانەدا کە بەسەر دوو چوارکەسی کوردهاتووە لە هەمبەر یەکتر دابنێین و لە جیاوازیی مافگرو مافئەستێنەکان بڕوانین تا هۆی تێشکانی گەلەکەمان لە خەباتە سەرفیرازانەکەیدا فام بکرێ.

لە بڕلێن، دادوەرانی گەلی ئالمان لە مافی ستەملێکراوانی کورد دیفاعیان کرد و جینایەتکارانی کۆماری ئیسلامییان ریسوا کرد. بەڵام لە کوردستان، خاتو منال عەبدوللا خەلکی سولەیمانیی کە هاوژینەکەی لە دەروازەی کۆیە لەگەڵ سێ هاوڕێی ئێعدام کرا نازانێ لەو ستەمەی لەخۆی و کچەکەی کراوە هانا بۆ کوێ بەرێ؟ داک و براوباوی 4 گۆرغەریبی پەنابەری کورد کە بەوتەی بەرپرسی حیزب، بە گوێرەی بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حدکا بە دەستی پێشمەرگەی بە نەزم و دیسیپلینی یەکێتی نیشتمانی کوردستان "ئێعدام کراون هەرگیز نەیانوێراوە باسیان بکەن.

دەوڵەتی ئالمان بۆ دادگایی کردنی جینایەتکارانی میکۆنوس (کوشتنی د. شەرەفکەندیی و هاورێکانی) دەبوو 10 ملیۆن دۆلار خەرج بکا. دادوەرانی ئەو دادگەیە لە سەر ئەو پەروەندەیە 42 مانگ ( سێساڵ و نیو) کاریان کرد. لە 750 کەس پرس و جۆیان کرد. گرانترین و پایەبەرزترین وەکیلی ئەو جیهانە بێ وەرگرتنی هەقی وەکالەتی خۆی و زەحمەتی هاوکارەکانی، داکۆکیی لە مافی کەس و کاری کوژراوانی کورد کرد. باڵاترین کەسانی دەزگای حکومەتیی ئالمان ناچارکران بێنە گۆ و راستیگەلێک بدرکێنن کە بە زیانی سەدان ملیۆن دۆلاریی وڵاتەکەی خۆیان تەواو بوو.

دوای ڕاگەیاندنی حوکمی دادگەی میکۆنۆس 15 وڵاتی ئوروپایی پێوەندیی سیاسیی‌یان لەگەڵ حاکمانی تێرۆریستی ئێران پساند. بەم جۆرە دادوەرانی بەویژدانی ئالمانیی عادڵانەترین بڕیاری هەموو سەردەمانیان بە ناوی گەلی ئالمانەوە بە جیهان راگەیاند. دادگای میکونۆس دەوڵەتی جمهوری ئیسلامیی ئێرانی بە " سیستمی جینایەتکار" ناودێر کرد و نووسییان: پایەبەرزانی ئەو دەوڵەتە، کردەوەکانیان لە نزمترین پلەی ئەخلاقی دا بەڕێوە دەبەن.

بەڵام چیرۆکی سەر سووڕ هێنەری دادوەرانی دادگەی سولەیمانیی لە پەروەندەی 4 ئێعدامکراوی حدکا لە دەروازەی کۆیە وێنەی کەمە. دیفاعی بەرپرسی حدکا لە مافی کوژراوەکان

سەیرترینە. بڕوانە! ڕاپۆرتی دادگە . سکاڵای سەرۆکی پەنابەری حدکا لەو تازیەنامە ئاخوندییەدا بخوێنەوە کە چۆن بە شێوەی ئاخوندەکانی دەوری چاڵاوی جەمکەران دەکروزێتەوە و باسی زوڵمی یەزیدو ستەملێکراویی " حسین" لە دەشتی کەربەلا دەکا . ئەوانە ، لە پەنا حوکمی دادوەرانی میکونوس دابنێ و کردەوەی ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات هەڵسەنگێنە!

**دوو جینایەت**
**دوو دادگە**
**دوو قەرار( حوکمی دادگە)**

ئێعدامی چوار ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە پێی ڕاگەیاندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات و قەراری دادوەرانی دادگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەمەر ئەو ڕووداوە:

دەفتەری سیاسیی حدکادا لە ژمارەی 252 دیسامبری 1997 " کوردستان " ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبدا ئەو بەیاننامەیەی خوارەوەی بڵاو کردەوە و دەڵێ:

**"ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران جارێکی دیکە جینایەتی خولقاند. سەر لەبەیانی ئەمڕۆ دووشەممە 17 سەرماوەزی 1376 ( 8 نوامبری 1997) چەند کەس لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەحاڵێکدا بە دووماشێنی سوارییی لە شاری سولەیمانیی کوردستانی عێراقەوە بەرەو کۆیە دەچوون ، لە نزیک شارۆچکەی دوکان کەوتنە بەر هێرشی چەکدارانەی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی. بەو پەڕی پەژارەوە لە ئاکامی ئەو دەسرێژە تێرۆریستییەدا ، خەباتگێڕی ماندوویی نەناس کاک منصور فەتتاحی ئەندامی کادری ڕێبەری و بەرپرسی کومیتەی حیزبی شارستانی پاوە، شەهید کرا و سێ کەسیدیکە لە تێکۆشەران بریندار بوون." هاورێکانیان لە ترومبیلەکەی دیکەدا هێرشکەرانیان ڕاوناو ترومبیلێکیان بە پێناسەی فەرماندەری تێرۆریستەکانەوە و چەند بەڵگەیەک لێگرتن. ئەو چەند کەسە، دوای تەقەکە بەرەو شوێنی مەبەست وەڕێکەوتن. بەڵام" لە دەروازەی کۆیە لە خاڵی تەفتیش بەو پەڕی سەرسووڕمانەوە لە خاڵی پشکنینی دەروازەی کۆیە کەوتنە بەر دەسرێژو هەموویان شەهید کران"**

نووسەری بەیانییەکە نانووسێ کە ئەو کەسانەی کە دەسرێژیان لە 4 تێکۆشەرکەی دیکەی حدکا کردووە پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوون.

**شەهیدەکان ئەم کەسانە بوون: 1- سەیید مەنسور ناسریی ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندیی و نوێنەری حیزب لە سولەیمانیی 2- ئەبوبەکر ئیسماعیلزادە ( سامال) بەرپرسی کومیتەی شارستانی بانە 3- ڕەفعەت حسێنی 4- یەدوللا شیرین سوخەن.**
**دەفتەی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەم شێوەیە لە یەکێتی نیشتمانی کە ئەو 4 ئەندامەی حیزبی دێموکراتی ئێعدام کردووە داوادەکا:" ئەوانەی " لە بەرگی پێشمەرگەدا بوونەتە هۆی تێرۆری ئەو چەند کەسەی سەر بە حدکا سزابدا.** ( ئەوکات حیزب لەت نەکرابوو.)

ئەو خەبەر و هەڵوێستگرتنە  کە بە ناوی ئەندامانی دەفتەری سیاسیی حدکاوە نووسراوە، بە پێی حوکمی مەحکەمەی یەکێتی نیشتمانیی بەدرۆ خراوەتەوە.

لەو خەبەرە فیچەڵفاچەی نووسەری حدکا بڕوانە و ماناکەی لێکبدەوە!
" چوار جینایەتکاری کۆماری ئیسلامیی کە لە لیباسی پێشمەرگەی یەکیەتی نیشتمانیدابوون؟!
ئەو چەند کەسە کە لە خاڵی پشکنین کەوتنە بەر دەسرێژ و کوژران؟! چۆن خەبەرو رۆداوێکن؟

مانای ئەو وتەیەی دەفتەری سیاسیی حدکا بە کوردیی ئەوەیە:
لە خاڵی پشکنینی کۆیە " کۆماری ئیسلامیی" کۆنترۆلی هاتوچۆی کردووە و پێشمەرگەکانی ینک بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامیی بوون."
مەبەستی نووسەری بەیاننامەکە شاردنەوەی واقعییەتی جینایەتەکە بووە. رووداوەکانی دوایی نیشانیان داوە کە ئەوە شوێنەونکێ و هەزارەو دوولاییەیە بۆ بەفریو بردنی خەلک و داپۆشینی جینایەتی ئێعدامی ئەو چوار پێشمەرگەیەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووە.
رێبەرایەتی حدکا لە 18 ساڵی مانەوەی خۆیدا لە کۆیە ئەخلاقی سیاسیی ساڵانی بەر لە 79 لە باشوری کوردستان کە د.قاسملوو لە کورتە مێژووی رێبەرایەتی حدکادا باسی کردبوو نەگۆریوە. درۆو فریوو گەندەڵیی و ماکیاویلیسم لە سیاسەتدا کە هاوکاریی دوژمن و جینایەت پۆشیی لێ زیادکرابێ، لەماوەی ئەو 18 سال ئۆردوگا نشینییەدا ئەخلاقی سیاسیی ئەو ڕێبەرایەتییە بووە.
ئەو چەند سەد کەسەی لە باشوری کوردستان تێرۆر کراون بە شێوەی ئەو 4 ئێعدام کراوە سەرپۆش بەسەرتاوانی تێرۆریاندا کێشراوە.
لە نووسراوەکەی حیزبی دێموکراتدا هەوڵ دراوە نیشان بدرێ کە رێبەرایەتیی لە زەمینەی پێکهێنانی ئەو جینایەتە و سەدان تاوانی تێرۆری دژ بە ئەندام و لایەنگرانی حدکا دا تاوانبار نییە. بەڵام کەسێک برووکەیەک لە ڕابردوی ئەندامانی ئەو ڕێبەرایەتییە بکۆڵێتەوە بە ئاکامێکی دیکە دەگا. ئەو وتانەی مەلا عەبدوڵلای حەسەنزادە کە بە بۆنەی ئێعدامی ئەو چوار کەسەوە بلاوی کردووەتەوە، گەندەڵیی کارو کردەوە و مەبەستی چەواشەکارانەی ئەو رێبەرایەتییە بە روونی دەردەخا. **ئەندامانی خۆشباوەر و ساویلکەی حدکا لە کۆڕی تازیەی ئەو 4 ئێعدام کراوەدا گوێیان بۆ ئەو قسانە راگرتووە کە مەلا عەبدووڵلا بە بۆنەی ئەو جینایەتەوە بەگوێیداداون و سەریان بۆلەقاندووە. ناوبراو دەڵێ:**

***" ئێمە فێربووین و عادەتمان کردووە کە شەهید بدەین و سەختی و تاڵی تەحەمول بکەین، هەر لە رۆژی یەکەمیشەوە دامانناوە کە دەبی هەم شەهید بوونی خۆمان تەحەمول بکەین هەم شەهیدبوونی رەفیقانمان." بڕوانە" کوردستان"ژمارە 252 دیسامبری 1997 (سەرماوەزی 1376).***

*بڕوانە ئەو فەلسەفەیە! ئەو سیاسەتە! ئەو ئەدەبیاتە! ئەو قسە عەوام هەڵخەڵەتێنە. ئەوە قسەی ئاخوندێکی جەمکەرانییە نە وتاری حیزبێکی سیاسیی !*

***" شەهیدبوونی خۆمان تەحەمول بکەین!! شەهیدبوونی رەفیقانمان تەحەمول بکەین!!***

تیاح پیاح لەو رێبەرایەتییە سیاسییە ! لەو هەژاریی فکریی، بێ رەحمیی، بێ ئەخلاقیی وبێ مەسئولییەتییە ! ئەوکەسانەی بڕیاری ڕادانی ئەو حیزبە تێکۆشەرەیان بۆکویە و بۆ

مانەوە لە ژێر دەسەڵاتی ناراستەوخۆی کۆماری ئیسلامییدا بوو بازرگان بوون. خۆبەدەستەوەدەر بوون. هاوکاری دوژمنی کورد بوون. چون دەکرێ مەوجودییەتی حیزبێک کە هەزاران کەسی کردووەتە قوربانی، بخرێتە ژێر دەسەڵاتی سەرۆکی حیزبێکی دیکەی سیاسیی کە هاواردەکا دۆستی ستراتیژیکی دوژمنی ئەو حیزبەیە و شانازیی بە هاوپەیمانێتی دوژمنی ئەو حیزبە دەکا؟!
ڕادانی حیزبێکی کە بە ژمارەیەکی کەمەوە و بە چەکی سووکەوە دەسال لەبەرامبەر رژیمێکی فاشیستییدا دیفاعی لە خۆی و کەرامەتی مرۆڤایەتی کردووە، کارێکی سەرسەری نەبووە. ئەوە کارێکی ئیرادیی و عەمدیی بووە. کاری کەسانێکی بە ئەزموون بووە.ئەوانەی کە تێکۆشەرانی ئەو حیزبەیان بەرەو قشڵەکەی هەرمۆتە ڕادا دەیانزانی چی لەو خەڵکە دەکەن. سەرۆکی ینک و هاوکارەکانیشی دەیانزانی چییان بەسەر دێنن. چونکە ئەوانیش لە کاتی راکردنیان بۆ هەمەدان و مانەوەیان لە شارەکانی ئێران و دوای هەرەس هێنانی شۆرشی کورد لە 1975 دەیانزانی پەنابەریی چییەو چ چارەنووسێک چاوەروانی پەنابەر دەکا. ئەندامانی ئەو حیزبە پەنابەری ئاسایی نەبوون. دوژمنەکانی دەبوو تۆڵەی لێبکەنەوە. هەر بەو جۆرەی کە رژیمی سەددام تۆڵەی لە پێشمەرگە و خەلکی گوندەکانی یارمەتیدەری پێشمەرگە کردەوە.

لەبەرامبەر ئەو کارەساتیە نەتەوەییە بۆکورد، ڕادانی ئەندامانی حیزبی دێموکرات بۆ سەرجەلەو شەریکەکانی نێعمەت بوو. بۆ ئەندامی هەژاری بریندااریش تێرۆر و چاولەدەستیی بوو. لەو قەسابخانەیەدا کەس نەیوێراوە لە سەرجەلەی ئەو حیزبە و هاوکارەکانی بپرسێ کە:
*"جەناب ئەو تەحەمول کردن و خۆبەکوشتدانە لە پێناوی چیدا دەبێ بکرێ؟ بۆ کوێخایەتیی و ئاوەدانکردنەوەی حوجرە سیاسییەکەی تۆ و جیرەی مانگانەی ناراستەوخۆی یەکێتی نیشتمانیی و ماشێنێکی دزێتیی کە بەدیاری وەردەگیرێ یان کۆمپیۆتێرێک کە دوای تێرۆری هەر رۆلەیەکی ئەم نیشتمانە خەڵاتتان دەکرێ؟ ئەوە ئەو خەباتەیە کە ئێمە لە پێناوی مەسەلەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان*قوربانیمان بۆ داوە و ئێوە بوون بە خاوەنی؟
بەراست ئەمانە مافئەستێنی خەلکی کوردبوون و هەن؟! ئەمانە ئەو کەسانەن کە تانەی سازشکارییان لە شەرەفکەندیی و قاسملوودەدا. تۆبڵێی ئەم کۆمەلە هەژارە کە وەکو مەڕی دابەستە سەریان بەرداوەتەوە و چاوەروانن بەرەو قەسابخانە ڕایاندەن پێشمەرگەبوون؟ تۆبڵێی ئەوانەی لەو قەساوخانەیەدا لێیکەوتوون هاورێکانی پێشووی شەرەفکەندی، قاسملوو ، سەرگورد عەلیار، شیوەسەڵیی، هەژار، چرچەی بارام میرزا، خەلیل عەبدوڵلا *بور، مینبەرییەکان،رەحمان بوداقی، شاپور فیروزیی، فەقێ* عەوڵای محمدی و عەبدوللای بەهرامیی بن؟!
واقعییەت ئەوەیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ( هەردوو لەتکی ئێستا) وێچووییەیەکی (شباهت)لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بەر لەساڵەکانی 1992 نییە.
وێچویی ئەو دوو لەتکە حیزبە و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی سەردەمی جوامێریی لە جیاوازیی ئامانجی ستراتێژیک، سەربەخۆیی سیاسیی بڕیاردان، خەباتی شێلگیر لە دەرەوە و نێوخۆی کوردستان، وەفاداریی و زانایی بە مەسەلەی گەلی کورد دا دەبیندرێ.
لەتکە حیزب ، 18 سالە بێ ئامانج، لەو دەشتە ڕەشەباگرە دا، داوەڵە، شەخسە پەڕۆیە، ئیشکەڵەداری کۆنە قەبرەستانە. ڕەشەبای کۆیە تیتۆڵێ قوماشی عەیب و عارداپۆشی بەبەرەوە نەهێشتووە. ئاڵای سپیی خۆبەدەستەوەدانی لێ شیتاڵ شیتاڵ کردووە. کوندە بۆیەکە و لە ئاسۆیەک دەڕوانێ کە ئەنگوستەچاوە. بڕیاردەریش نییە.

تەسبێحە سەت دەنکییەکەی سەرۆک کۆماری عێراقە، چۆنی بوێ دەیگێرێ. ئەو دوو لەتە لەژێر دەسەلاتی ناراستەوخۆی کۆماری ئیسلامییدان. لە ساڵی 1996 بە پێی قەراردادی ئاشبەتاڵ خۆیان بە رەسمیی مراند و دوای **سێزدەساڵ حاشالێکردن، مەلا عەبدوڵلا دانی بە هەبوونی قەراردادی ئاشبەتاڵدا هێنا. ئیدی دوای ئەو دانپێدانانە فڕوفیشاڵ و کونەبا نەما. ئەوبەشەی کە لە کۆنگرەی 8 جیابوونەوە لەبەردا دژبەرانی سیاسیی دوکتور قاسملوو بوون و دواتر بوونە دوژمنانی خێڵەکیی و کەوتنە بەربەرەکانیی چەکدارانە دژی قاسملوو بە ناوی" سازشکار و خۆبەدەستەوەدەر" لەقاویاندا.**

بەسەرهاتی حدکا و ئەو لەتکەی لێیجیابۆوە تراژێدییەک بوو کە د. قاسملوو پێش بینیی کرد بوو. چاوچنۆکیی، تەسلیمخوویی، گەندەڵیی ومانەوەلە زەلەقی ئاخوندییدا ئەو جەماعەتەی هەڵتەکاند. **پاش وەلانانی رێبەرایەتی مەلا عەبدوللا لە کۆنگرەی سێزدە، بە یارمەتی فکریی خانەخواو دابین کردنی پێداویستیی ماڵیی ناراستەوخۆ لە لایەن دۆستانی ستراتێژیکی خانەخوێوە، سەر لە نوێ حیزبە کلۆرەکە کرایەوە بە دووکوت و ملا عەوڵا قوتکرایەوە.**

ئەو جەماعەتە 18 ساڵە ستراتێژییە نەتەوەییەکەی بریتیی بووە لە پتەوترکردنی پەیمانی ئاشبەتاڵ و خۆنزیکترکردنەوە لە کۆماری ئیسلامیی بۆ بەردەوامیی جیرە یەک کە ناراستەو خۆ وەردەگیرێ. بەر لەوە کە حدکا بەرەو کۆیە ڕادرێ، سەرۆکی ینک، هاواری دەکرد کە چیدیکە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی پێبەخێوناکرێ. بەڵام لێی بوونە گۆشتی چەل و مل...

رێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دوای چوونەژێر فەرمانی یەکێتیی نیشتمانیی و سەرۆک تالەبانیی، حیسابی "سفیه " و محجور"ی بۆ کراوە. واتە کەسێک کە ئاوەز و ژیریی ناتەواوە و نابێ بڕیاردەری کاروباری حقووقیی خۆی بێ. لەبەر ئەوە سەرپەرشتێکی بۆ دیاری دەکرێ. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دوای چوونە ژێر دەسەڵاتی ینک ، محجور بووە. واتە خاوەنی مافی هیچ هەڵوێست گرتن و بریاردانی سەربەخۆی نەبووە.

هەلوێستی ئەو رێبەرایەتییە لەمەر ئێعدامی ئەو چوارئەندامەی حدکا لەلایەن پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانییەوە ئەو بابەتە بە روونی ئاشکرا دەکا.

**بەرپرسی د.س. حدکا ( مەلا عبدالله حسن زادە) بەر لە لێکۆڵینەوە و بڕیاری دادگە لە چۆنێتیی ئێعدامی چوار پێشمەرگەیە ، دەمبرو گۆترەیی رایگەیاندبوو کە :**

**"پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی" لەو روداوەدا دەورێکی نەبووە و ئەوانەی کە ئەو 4 کەسەی سەر بە حیزبی دێموکراتیان ئێعدام کردبوو، پێشمەرگەی ینک نەبوون، بەلکو لە لیباسی پێشمەرگەی یەکێتینیشتمانیدا بەرێوەبەری فەرمانی دەزگای تێرۆری کۆماری ئیسلامی بوون!! " ( لاپەری 3 "کوردستان" ژمارەی 252 دیسامبری 1997 ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حدکا).**

لێرەوە خەتە خوارەکە بۆ داپۆشینی جینایەتەکە دەستی پێکرد بوو و رێگە بۆ شاردنەوەی رومای جینایەتکار و هاودەستەکانیان کرابۆوە. بە پێیئەو ڕاگەیەندراوە کە دیارە ئەندامانی د.س بەر لە بلاوکردنەوی خوێندویایانەتەوە، هەوڵ دراوە کە جینایەتەکە سەرپۆشی بەسەردا بکێشرێ و لێینەکۆڵدرێتەوە. چونکە لێکۆڵینەوە لەو کوشتارە دەبووە سەرەتایەک بۆ لادانی پەردە لەسەر تێرۆرەکانی دیکە و ئاشکرا بوونی رومای سیخور و هاودەستانی کۆماری تێرۆر لەنێو رێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا.

ئەگەر لێیان کۆلیبایەوە و تاوانباران دیاریکرابایەن سەرچاوەی دانی دەستوری ئێعدام پێوەندیی بە کۆماری ئیسلامییەوە بووایە، سەرکردایەتی یەکێتیی حازرنەدەبوو پێوەندیی خۆی بۆ جەماعەتێکی مفتەخۆر کە جیا لە زەحمەت خێروبێرێک بە ناوچایانەوە نییە بپسێنێ و ببێتە

دژی کۆماری ئیسلامیی؟ **شتی ئاوا بۆ جەنابی تاڵەبانی کە کۆماری ئیسلامیی بە برپرەی پشتی کورد دەزانێ چۆن دەگونجێ؟** لە هەلومەرجێکی ئاوادا رەنگ بوو ینک دژی حدکا هەلوێستێک نەگرێ. بەلام خۆ دەیتوانی وەکو جاری گۆرین بۆ ترساندنی رێبەرەکانی حدکا داوا بکا کاظمیی و صحرارودی بە قەوزەکانیانەوە رووبکەنە کۆیە و ئەمانەتییەکەیان وەرگرنەوە. ئەو کارەی کە ئێستا دەولەتی مالیکیی و و سەرۆک کۆماری عێراق دژ بە موجاهیدینی دەکەن دژ بە حدکاو لەتکەکەشی رەچاو بکەن.

خوێنەری ئەم کارەساتە با دەمێک بیر لە دادگەی میکونوس و حاکمەکان و دادئەستێن و مافی بنەماڵەی تێرۆرکراوانی کوردبکاتەوە و بۆ خولەکێکیش ئێعدامی ئەو چوار پێشمەرگەیە لە کوردستان، لەژێرچاوەدێریی سکرتێری حیزبەکەی و سێ دادوەری کورد لە هەمبەر یەکتر دابنێو ببینێ کە هۆی تێشکاویی و ماڵ کاولکراویی و بێ بایەخیی گیانی مرۆڤی کورد چییە و ئەو خەلکە ساویلکەیە وەدوای چ کەسانێک کەوتوون.
رێبەرایەتی چەندکەسیی حیزبێک بە کام ماف بۆی هەیە ئاوا یاریی بە چارەنووسی میللەتێک بکا؟ خوێنی برێژی، بیفرۆشی، ببێتە شەریکی دز و رەفیقی قافڵە، هەر بۆ ئەوە ماڵی حیزب بنێتە ژێرچۆکیی و بەسەر چەند لێقەوماوی نیشتمانپەروەردا ئاخایەتی بکا؟
**لە سەرجەمی ئەو چەند سەت کەسەی لە باشوری کوردستان تێرۆرکراون، یەک کەس بە گوللەی پاسدارێک یان غەیرەکوردێک نە کوژراوە. لە یەک شوێن فایلێک بۆ تێرۆرکراوێک رێک نەخراوە. لە هەلومەرجێکی ئەو تۆدا، دەوری رێبەرایەتی ئاشبەتاڵ لەو کوشتارەدا جیا لە هاوکاریی دەزگای تێرۆر چی بووە؟**

دادئەستێنی دادگای میکونوس لە مەر ئاشکراکردنی شوێنی کۆبوونەوە وکاتەکەی و هەبوونی خائینێک لە نێو ئۆپۆزیسیۆن **گوتوویە" اطلاعات سریع و دقیقی کە تیم بدست آورد در آخرین تمرین شب پیش از ترور ، نشاندهندە انست کە تیم ترور حد اقل یک منبع در درون اپوزیسیۆن داشتە کە در ارتباط با رهبران کورد بودەاست. این، برداشت ما از نوع ترور بود. اطلاعات سازمان اطلاعات داخلی المان با ارائەی این اطلاع کە آن منبع در شب ترور در رستوران حضور داشت، برداشت مارا تکمیل کرد. تراژدی این ترور میتواند این باشد کە منبع اطلاعاتی رژیم ایران خود شاهد ترور بودە و از آن جان سالم بدر نبردەباشد. متاسفانە این موید اظهارات فلاحیان در اوت 1992 میباشد کە ما در این حزب نفوذ کردەایم." بروانە کتێبی " هنوز در برلن قاضی هست. لاپەڕی 172 پاراگرافی ئاخر.**
ئەو وتەیە مانای ئەوەیە کە لەناوەندی ئەو حیزبەدا(حدکا)، لە رێبەڕایەتیی ئەو حیزبەدا لە هەرچوارنەفەر، لانی کەم لە نەفەرێک زیاتر سیخوری کۆماری تێرۆرە. ئەوانەی لەو حیزبەدان، تۆ بڵێیئاگاداری ئەو کارەساتە نەبن؟ **لەوە سەیرتر نییە کە ئەندامانی کومیتەی ناوەندیی و دەفتەری سیاسیی هەردوو حیزبی دێموکرات لە قەراردادی نهێنیی ئاشبەتاڵی مەلا عەبدوڵلاو سپای پاسداران ئاگادارنین،** یان ئاگادارن و لەرووياننایە باسی بکەن. ئەوان لە مەلا عەبدوڵلا ناپرسن کە ئەو قەرارداده بۆ نابێ بڵاو بکرێتەوە. وادیارە نازانن بەرپرسایەتییەکەیان هاوبەشە و لەو خەیانەتەدا شەریکە تاوانن؟
بەرپرسی بەیاننامەنووس و ئەندامی دەفتەری سیاسیی حدکا بۆچی پاکانە بۆ پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانیی دەکا؟ ئەوە لە حالێک دایە کە دادوەرانی یەکێتی نیشتمانیی کە دواتر راپۆرتەکەی دەخوێننەوە، بە ئاشکرا ئەو ئیددیعایەی نووسەری بەیاننامەکەی حدکا هەر لە بنەرەتەوە بە درۆدەخەنەوە. بڕوانە حوکمی حاکمەکان کە بەپێچەوانەی ڕاپۆرتەکەی

ئەندامانی دەفتەری سیاسیی حدکایە کە دەڵێن : **ئەو چوار کەسە کوژراوەی حدکا لە دەروازەی کۆیە، هێرشیان کردبووە سەر مەفرەزەی تەفتیشی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و ئامر مەفرەزەش دەستوری کوشتنیانی دابوون**. پێشمەرگەکانی یەکێتی دیفاعی مەشروعیان کردبووو بۆ بەرگری لە ئەمنییەتی خۆیان و پاراستنی ئەمنییەتی کارگێڕانی کۆماری ئیسلامیی کوشتبوویانن. بە وتەی دادوەرانی دادگە ، ئەوانەی کە چوار پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتیان لە دەروازەی کۆیە کووشتبوو، پێشمەرگەی ینک بوون و لیباسەکەش پڕ بەبەری خۆیان بووە و جاسوسی کۆماری ئیسلامیی و تیڕۆریستی صحراروديش نەبوون. بڕوانە دەقی تەرجەمەکراوی قەراری بەعەرەبیی نووسراوی دادگەی ینک لە کۆتایی وتارەکەدا.

سکرتێری ئەو کاتی حدکا بۆ شاردنەوە و سەرپۆشخستنە سەر ئەو جینایەتە، بێ هیچ دەلیلیک لە سکرتێری ینک کە بۆ پێکهێنانی کومیتەیەک بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو رووداوە چووبووە دەفتەری سیاسیی حدکا خۆی تووڕە کردبوو و گوتبووی: "پێویست بە لێکۆڵینەوە ناکا. بڕۆن خۆتان لێی بکۆڵنەوە. "
ئەو هەڵوێست و رەفتارە خێڵەکییە هەر لەحیزبێکی خێڵەکیی دەوەشێتەوە. پاڵەیەک ، رەنجبەرێک، ڕەشایی و بەتاڵپای گوندێک مەگەر دەکرێ بۆ ڕجای وەلی‌نێعمەتی تێڵاوەشێنی بە چۆکدانەیە و بەرمنەتیش نەبێ ؟! مەزنێکی وەکو سەرەک تاڵەبانی بۆ رجایەکی پچوک خۆی لەماڵی بۆرەپیاگێ باوێ، دەکرێ بە قسەی نەکرێ؟ "بوزورگێک" کە دالدەی لێقەوماوانی راکردووو رووتکراوی حدکای داوە و دەیانژێنێ و رێگەی‌داوە لە قشڵە کۆنێکی بەعسیی‌یان گرووپێک منداڵی سەماکەرە بۆ نیشاندانی هونەری ئۆردوگانشینیی بۆ بۆنەکانی حیزبەکان ڕابێنێ و جاروباریش بە خەیال خۆی لێ ببێتە ژێنرال جیاپ و میداڵی شەرە خەیاڵییەکانی خۆی بە ملیاندا شۆربکاتەوە، لۆی هەیە فرِان باوێتە وەلینێعمەتەکەی؟ !

سەرۆکی یەکێتی نیشتمانی، بە ئەزموونە. ئەو دەزانێ کە ئێعدامی چوار پێشمەرگە کارەساتێکی مەزنە و کەس بۆی قبووڵ ناکرێ. "ئەو هەویرە ئاو زۆر هەڵدەگرێ". رۆژێک دەیکێشنە دادگە و دەبێ وەلام بداتەوە. خۆ ئەو لە کلینتۆن مەزنتر نییە. ئەگەر ئەوەش نەگونجێ، مێژوو لێێ ناگەرێ. قەراریش نییە لە ژێر حاکمییەتی ئەوو حیزبەکەی‌دا جینایەت بکرێ و ئەو بێدەنگ بێ. لەبەر ئەوە داوا دەکا: **کومیتەیەک لە هەردوو حیزب ( ینک و حدکا) پێک بێ' بەلام، مەلا عەبدوللا دەزانێ لێکۆڵینەی ئەو جینایەتە دەبێتە هۆی ئاشکراکردنی زۆر نهێنیی رێبەرایەتی حدکا و کۆماری ئیسلامیی. لەبەرئەوە ناوبراو خۆی تووڕە کردبوو و گوتبووی : پێویست بە لێکۆڵینەوە ناکا. خۆتان بچن لێی‌بکۆڵنەوە و دوایە وەرنەوە بە ئێمەی ڕابگەیەنن. زۆریش نابی بخایەنێ . مۆڵەتتان حەوتوویەکە. ئەو وتانەی مەلاعەبدوللاکە لە کوردستان ژمارە252 دا نووسراوە لە کۆتایی ئەم وتارەدا کرتە بکە سەر ئادرێسەکە و بیخوێنەوە!**
بەم شێوەیە لێکۆڵینەوە کۆتایی پێهاتبوو. ئاکامی لێکۆڵینەوەکەی ینک بە دانی حوکم بە مەحکووم بوونی 4 پێشمەرگەکەی دێموکرات بە تاوانی ئاژاوەگێری دژ بە حاکمییەت و ئەمنییەتی یەکێتی لە باشوری کوردستان و هێرش بردنە سەر پێشمەرگەی ینک و کارگێڕانی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامیی کۆتیی پێهات!!
سەید مەنسوری مێردی منال خان و باوی کچەکەی دەبی ئێعدام بکرێ و دەمڕاستی ئەو حیزبە خێڵەکیی‌یە و هاوکارەکانی دەبێ بازرگانیی بە خوێنی بکەن. منداڵی منال خان لە هەندەران دەبێ بە بێ باوکی و هەناسەساردیی بژی و زاروزیجی سەوداگەرانی مەرگ بە خوێنی

فرۆشراوی پێشمەرگە لە ئوروپا ڕابیوێرن . "ئەوە روومایەکی جیهانی سیاسەتی کوردی خێلەکیی ئەم سەردەمەیە.
بەرپرسی حیزب نەیویستووە لەو جینایەتانە بکۆڵنەوە. چونکە سەرۆکی ینک دەزانێ بەردەستەکەی کێیە و بایی چەندە و چ کەین و بەین و پێوەندیی‌یەکی نهێنیی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی هەیە. ( وتەکانی محسن رەزایی دوای 13 ساڵ و وتووێژەکانی قانعی فرد، لەگەڵ رادیۆ آزاد و دانپێدانانەکەی مەلا عەبدوللا بنج و بناوانی هەموو کەین و بەینەکانی ئاشکراکرد.)

ئەوە تەنیا نموونەیەکە لە بەسەرهاتی سەدان کوژراوی حدکا. ( "فایل مەجهولەکانی" حیزبی دێموکرات، قوربانییەکانی بێسەرو شوێنکراو، رفێندراوەکانی فرۆشراو بە کۆماری ئیسلامیی ئێران. لەو سەدان کەسە کوژراوە کە دەیانجار لیستەکانیان بڵاو کراونەتەوە یەک کەس فایلی نییە، هەموو بێسەرو شوێنتێدا چوون. ئەوە یەکەمین پەروەندەیە کە بە هاواری هاوژینی ئێعدامکراوێک بڕیاری لەسەردراوە.

حاکمەکانی پەروەندەی ئەو 4 ئێعدامکراوە، درۆی بەیاننامەنووس و ڕاگەیەندراوی ئەندامانی دەفتەری سیاسیی حدکایان لەقاوداوە. ئەوانە نەیانشاردووەتەوە و گوتوویانە کە: ئەو 4 کەسەیان گوللەباران کردووە. بێ منەت بوون. پشتیان قایم بووە، چونکە مەلا عەبدوڵلا هەر لەرۆژی یەکەمدا کۆتایی بە مەسەلەکە هێنابوو و ڕایگەیاندبوو کە خوازیاری لێکۆڵینەوە نییە. بە پێی قەراردادی ئاشبەتاڵی سێ قۆڵیی ینک، حدکا و صحرارودی( قاتڵی د.قاسملوو قادریی)، تەنیا ئەندامانی رێبەرایەتی حیزب لە تێرۆر پارێزراوبوون. ئەوانی دیکە تەیری بێ هێلانە و بێخاوەن بوون. ڕاوکردنیان بۆ هەموان ئازادبووە. بەلام بەرپرس و ئەندامانی بڕیاردەری حیزب ئەو رەمزو رازەیان بە کادرەکان و پێشمەرگە و لایەنگرانی حیزب رانەگەیاندبوو.

بە پێی قەراردادی ئاشبەتاڵ ،ئەندامی حیزب:
1- چەک کراوبووە.
2- مافی دیفاعی نە بووە.
3- مافی هاتوچۆی بە چەکەوە و لەدەرەوەی ئۆردوگا نەبووە.
بە پێی قەراردادی ئاشبەتاڵ ئەو چوار نەفەرە ئێعدامکراوە کارێکی دژی ئەمنییەتییان کردبوو. دژی مەئموری ئیتیلاعاتی ئێران چەکیان کێشا بوو. برینداریان کردبوون. ترومبیلیان لێگرتبوون. لەبەر ئەو هۆیانە تێرۆر- ئێعدامی ئەو چوار کەسە بە حوکمی مەحکەمە دیفاعی مەشروع ڕاگەیەندراوە. ساتێک بەر لە ئێعدامی ئەو 4 کوردە کادرێکی دیکەی حیزب کوژرابوو و 3 کەسی دیکەش لە ئەندامانی ئەوحیزبە بەدەستی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی بریندارکرابوون.
حوکمی مەحکەمە ویست و داخوازی بەرپرسی حدکای پێک هێنا بوو. حیزبەکەی تاڵەبانی جیا لەوە چی‌دیکەی دەویست؟ نە کومیتەی راستی پشکنی ویستبوو کە لە ئێعدام بکۆڵێتەوە و نە رەخنەو گازندەیەکیشی لێکرابوو. فەرمانی سیستمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامیشی بە زیادەوە بە جێ هێنابوو. بەم جۆرە هەر سێ لایەن رازی بوون. ئەوەی کە خوێنی رژاوە، بنەماڵەی هەژاری ئەو 5 پێشمەرگە ئێعدام کراو و کوژراوو سێ بریندارە چارەڕەشەیە کە بازرگانیی بە خوێن وکەرامەتیان کراوە.
قەڵافەتی دادوەری دادگای میکۆنۆس بێنە بەرچاو و بیرێک لە دیفاعی ئەو لە مرۆڤی تێرۆرکراو، لە ئینسان ، لە راستیی، لە دادگەریی بکەوە! کردەوەی سێدادوەرو سیاسەتڤانانی کوردیش ببینە

و جیاوازییەکانیان بخە روو بروانە : ئەو دوو لایەنە لە چ جێیەکی ئەم جیهانەدا راوەستاون؟!
سیاسەتکارانی بەزیوو خۆبەدەستەوەدەری حدکا دەیانزانی لەبەر ئەوە لەو قوژبنەیان پەستاوتوون کە تۆڵە لە مێرخاسانی کورد بکەنەوە. رۆژانە بە پێخۆر پێنج و شەشیان بکوژن و بۆ دڵنواییش ماشێنێکی دزێتیی و کۆمپیۆتێرێکیان پێشکەش بکەن. بەم پێیە رەفتاریان لەگەڵ کراوە. سەیر ئەوەیە تاکێک لەو حیزبەدا لەو هەموو تاوانە وەدەنگ نەهاتووە.
کام ئینسانی خاوەن ویژدان کاری ئەوتۆدەکا و گیانی منداڵی هەژاری کورد ئاوا هەرزانفرۆش دەکا؟!
ئەو ئەدەبیاتە عەوام هەڵخەڵەتێنە بۆ بەکوشتدانی کوڕی خەلک و پڕکردنی حیسابی بانکەکانیان بووە. بەراستی ئەوە حیزبی نیشتمانپەروەران بووە یان قەسابخانە!؟ ئەوە چ ریساڵەتێک بووە کە رێبەڕایەتی ئەو حیزبە بوویەتی؟ سکرتێری ئەو کاتی حیزب دەڵێ: عادەتیانە کوڕی خەلک بە کوشت بدەن بۆ ئەوە دەفتەرو حوجرە و درداویان هەبێ. تاوانێک لەوە خرابتر و مەترسیدارتر هەیە؟ ! سەیر ئەوەیە تاقمێکیش سەریان بۆ دەلەقێنن. کەسێک نەیگوتووە: ئەوە پیلانێکی نامرۆڤانەیە . هەموو ئەو کەسانەی بڕیاری مانەوەی ئەو خەلکەیان لە ئۆردوگای پەنابەریی کۆیەداوە و فێربوون و عادەتیان بووە کوری ئەو خەلکە بە کوشت بدەن تاوانبارن و شەریکی ئەو تاوانانەن کە کراوەو دەکرێ.
سەرۆکی حیزب مەلا عەبدوڵا لە لاپەرەی 3 کوردستانی ژمارە 252 سەرماوەزی 76 دا لەمەڕ ئێعدامی ئەو چوار لاوە دەڵێ:" لەمەر زوڵمێک کە لە حوسێنی کەربەلا کرا، زۆر نووسراوە بەڵام حوسەینەکانی ئێمە لە حوسەینی کەربەلا ستەملێکراوتر بوون. ئەوانە لە حاڵێکدا پێیان وابوو مەترسییەکیان لەسەرنییە کەوتنە بەر رەگباری گوللە و دابێژ دابێژ کران".
کەسێک نەیگوتووە کە ئەو حوسەینە مەزلوومانە بۆ ئاغایەتی رێبەرایەتی حیزب و راگرتنی دوکانە سیاسییەکەیان بە کوشت چوون. کەسێک بە کوشتی داون کە دەفتەرو دەستەکی بۆ بژیو و کوێخایەتی و هاودەستیی لەگەڵ دامودەزگای تێرۆڕ لە کۆیە وەرێخستووە. **مەگەر چەند جار سەرۆکی ینک هاواری کرد، نامەی بۆنووسین، پاڕایەوە، هەرەشەی لێکردن کە لە ناوچەی ژێر دەسەلاتی ئەو بڕۆن و یەخەی بەردەن؟ رادیۆی پێ داخستن، پێشمەرگەی گرتن و زیندانی کردن،" ئەنوەری عەنەب" بە وتەی سکرتێری حدکا ،فەرماندەرێکی بزووتنەوەی ئیسلامیی، ئەتکی بەسەر هێنان و 7 پێشمەرگەی حدکای گرتن و بە کۆماری ئیسلامیی فرۆشتن و ئەو جینایەتکارانەش 6 یان لێ ئێعدام کردن.** دەزگای جاسوسیی رژیم لە نێو حیزبدا لە نێو ماڵی سکرتێری ئەو کاتی حیزبدا رێشەی داکوتا. بەڵگەی سیخوریی **ئازادی کوڕی عەلی بالە،** لە ماشێنی گیراوی ئیتتیلاعات دا دۆزرایەوە و بۆ ئاشکرانەبوونی زۆر راز و نهێنیی هاودەستانی و خزمەکانی لە سەرۆکایەتی حیزبدا ساڵی دواتربە دەستورێک" زایە" و ئەنجن ئەنجن کرا.
بەڵی سەرۆکی حیزبی پەنابەر ناوێرێ بڵێ کێ ئەو چوارکەسە، ئەو چوار حوسەینەی کەربەلای بە گوولله دابێژدابێژ کرد. ناڵێ کێ فەرمانی کوشتنی دان؟ کام باڵادەستی کۆماری ئیسلامیی بە کام باڵادەستی ینک ەی دەستوردابوو کە ئەو 4 کەسە بێ موحاکەمە ئێعدام بکرێن؟ **ئەو نووسەر و سەرجەلەیە کاتێک دەست بۆ نووسینی " نامیلکەی خەیانەتەکانی قیادەی مووەقەت دەبا" دەزانێ چی دەنووسێ و چۆن دەنووسێ و بۆدەنووسێ ! بەڵام کاتێک دەست لە نێودەستی قاتڵەکانی قاسملوو دەنێ و قەراردادی ئاشبەتاڵی بۆ ئیمزادەکا،** خوێنی سەدان کەس بە فیرۆدەداو بەرهەمی خەباتی گەلێک و خوێنی بە ناهەقڕژاوی هەزاران ئینسانی کورد تونا دەکا، دەزانێ چۆن خۆی لە تاوانی ئاشبەتاڵ دەربازبکاو سەرپۆش بەسەر ئەو کارەساتە ئینسانیی نەتەوەیی‌یەدا بکێشێ و چەپڵەی بۆلێدەن.

ئێعدامکراوەکان بە تاوانی ئەوە کە لە شوێنێکیدیکە لەبەرامبەر هێرشی کارگێڕانی ئیتتیلاعاتی ئێراندا دیفاعیان لە خۆیان کردبوو، لە قەراردادی ئاشبەتاڵی مەلا عەبدوللا لایاندابوو. بەو تاوانە ئێعدام کراون.

**بەرپرسی ئەو کاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران( مەلا عەبدوڵڵا) لە پرسەی ئەو چوار ئێعدامکراوەدا ، گوتوویە " زمانی کوشتن ریسوایە". بەلام نەیگوتووە زمانی بەکوشتدان حوکمی چییە؟**

تیاح لەو ئەدەبیاتە چەندە ریسوایە!؟ ئێعدام و ئەتک کردنی ئەندامی حیزب رەوایە بە لام" زمانی کوشتن" ریسوایە. ئەگەر دیفاع کردن لە خۆ ریسوایی بێ، دەبێ ئەو خەلکە ساویلکەیەی کە بە ناوی "پێشمەرگە" لەقەوەزکراون و پارەیان پێوەردەگێڕێ کردەوەیەکی ریسواتر نەبێ؟ ئەو قالۆرە شکاوە ، ئەو تفەنگە بێ دەرزیو خەشابەی کە لە شانی ئەو ساویلکەیە کراوە و ناوی پێشمەرگەی لێنراوە بەراستی ئەو کەسە دیلە ، زیندانیییە بۆ ئەوە دەبێ ناوی پێشمەرگەی لەسەر دابنێین؟ ئەو هەژارە ئەگەر جنسییەیەکی نەبێ کە نیشان بدا خەلکی گوندێکی ئەنفالکراوە خۆ ناتوانێ لەو ئۆردوگایەشدا تا ئاودەستی گشتیی ئۆردوگاکە بچێ. پێشمەرگەی چێ و کەشکی چی و دۆکلێوی چی؟ ئەو خەلکە هەژارەی کە بۆی نییە لە ئاودەستی ئۆردوگاکە بەولاترە بچێ و دەکوژرێ، پێشمەرگەی کێیە؟ ئەو لاوە هەژارە پێشمەرگە نییە ژمارە حیسابی پارەیەکە کە درەنگ یا زوو دەچێتە کۆنتۆی سەرۆکی حیزبەوە( کۆنتۆ، ژمارەحیسابی کەسێکە لە لە بانکێک دا ).

ئەو ئەدەبیاتە ریسوایەی رێبەرایەتی ئاشبەتاڵ ، درۆ و ریایە ، ئیدزی فکرو ئەندێشەیە.

**بڕیاری حاکمەکانی یەکیەتی نیشتمانی**

بۆ ئەوە بزانی کە حاکمەکانی ینک لەسەر ئەو جینایەتە دەڵێن چی، ئەو قەرارە(حوکم) بخوێنەوە! حاکمەکانی دادگە بریتی بوون لە:

1- فاروق عبدالواحد مصطفی ( ئەندام) 2- لطیف سعید معروف ( ئەندام) 3- لطیف طه محمود.

رێبەرایەتی حدکا دەڵێ: ئاگای لە پێکهێنانی ئەو دادگەیە نەبووە. تەنیا خاتو مەنال عەبدوللا هاوژینی سەید مەنسوری ئێعدامکراو، یەک لەو چوار کەسەی ئێعدامکراوە کە سکاڵای کردووە، پێی گوتراوە: مێردەکەی تاوانبار بووە ... ئەوەش دەقی حوکمەکەیە.

**وەرگێڕدراوی" قرار" (حوکم) ی ژمارە 225/ج/ 1998دادگای جینایی سولەیمانی**

لێخوڕی ترومبیلی بڕازیلیی کە ڕاگیرا ئەو تفەنگەی کە پێیبوو بەرزی کردەوە و بەرەو" ئامر مەفرزە"11 تەقەی کرد و لە ئاکامدا علی حسین عبدالله تاکێک لە ئەندامانی" مفرزە"ی بە قەستی کوشت پیکا و بەشوێنیدا باقی سەرنشینەکانی ئەو ماشێنە دەستیان بە تەقەکرد و نجاة علی حسین یەکێکی دیکە لە ئەندامانی مفرزە بریندار کراو دوابەدوای ئەوە گومانلێکراوان* تەقەیان لە ترومبیلەکە کردو هەموو سەرنشینەکانیان کوشت. ئەوم دادگایە وای دەبینێ کە گومانلێکراوان سەر بە دایرەی ئاسایشن و ئەرکی رەسمیی خۆیان بەپێێ ئەو دەستورەی کە لەلایەن سەرۆکەکەیانەوە پێیاندرابوو بەرێوە بردووە. ئەوە ئاکامی هەلومەرجێکی گونجاو بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەو فەرمانەبووە کە بریتی بووە لە خێرایی بەرێوەبردنی کاروباری هەرێم، پاراستنی هیمنایەتیی، سەقامگیریی و پێشگیریی لە تێکهەڵچوونی چەکدارانە لە نێوان

ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ئەوانەی کە سەر بە دەفتەری پێوەندییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئیران لە هەرێمی کوردستانن.. ئەوەش لە لایەن شاهید " جمال نادر محمد، یاریدەدەری بەڕێوەبەری ئاسایشی پارێزگای هەولێر لەبەردەمی ئەودادگایەدا تەئیید کراوە کە دانی دەستور لە لایەن ئەوەوە بە گومانلێکراوان دراوە و ئەو کردەوەیە پێوەندیی بەوەوە هەیە نە بە گومانلیکراوان ( ارسلان حمە سورحمە امین و عبدالرزاق عثمان حسین و مریوان کمال محمد) تاوانێکیان نییە چونکە ئەوانە فەرمانێکی کە لە لایەن فەرماندەرەکەیانەوە پێیان‌دراوە بە رێوەبردووە کە لەگەڵ ماددەی 40 ی قانوونی سزادان دەگونجێ کە ئەرکی خۆیان بووە پەیڕەوی لە فەرمانی سەرۆکەکەیان بکەن. لەبەر ئەوە مەحکەمە قەراری دا کە ئەو کەسانە بەرپرس نین و ئەو تاوانە وەردەگرێتەوە کە وەپاڵ ئەوکەسانە دراوە و بە پێی ماددە 1/406 قانونی "عقوبات" و بە پێیماددەی 47و 48و49 بۆ ئازادکردنی بە پەلەی ئەو کەسانە کۆسپێکی قانوونیی نییە. جیا لەوە بە پێیحوکمەکانی مادەی 2/82 لە ئوسولی سزادان و دانەوەی تفەنگەکانیان بەو ژمارانە 2685- 28009713- 3836 کە لێیان وەرگیرابوو بە پێی دەستوری دەست بە سەرداگرتنی چەکەکان لە 1998/4/1 دەبێ بدرێنەوە بە مودیری ئاسایشی هەولێر و ڕاگەیاندنی بە مودیری ئاسایشی سولەیمانی بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە پاش وەرگرتنی حوکمی کۆتایی پێهێنان (قطعی) و دانی 30 دینار بە وەکیل ( محامی) عبدالله احمد اسماعیل لە خەزێنە پاش ئەوەی بڕیاری کۆتایی راگەیاندرا. ئەم بڕیارە یەک دەنگ درا و بە ئاشکرا لە رۆژی 1998/6/30 راگەیاندرا.

ئەندامی بریاردەر- فاروق عبدالواحد مصطفی

ئەندامی بریاردەر- لطیف سعید معروف

سەرۆکی مەحکەمە- لطیف طه محمود

بەڵگەکان:

# - القـــــرار -

العدد / ٢٢٥/ج/ ١٩٩٨

تشكلت محكمة جنايات السليمانية بتاريخ ٢٠/٦/١٩٩٨ من رئيسها السيد لطيف طه محمود وعضوية الحاكمين السيدين لطيف سعيد معروف و فاروق عبدالواحد مصطفى المأذونين بالقضاء باسم الشعب واصدرت القرار الاتي :-

المتهمون / ١- ارسلان حمه سور حمه امين ٢- عبدالرزاق عثمان حسين

٣- مريوان كمال محمد

احال حاكم تحقيق السليمانية / البلدة بقراره المرقم ٦٢ /احالة/ ٩٨ في ١١/٥/١٩٩٨ والصادرة في القضية التحقيقية المرقمة بـ/ ١١٧ لدائرة المحقق العدلي المتهمين كل من ارسلان حمه سور حمه امين و عبدالرزاق عثمان حسين و مريوان كمال محمد موقوفين على هذه المحكمة لاجراء محاكمتهم وفق المادة (٤٠٦) من قانون العقوبات وبدلالة المواد (٤٧ و٤٨ و٤٩) منه وفي اليوم المعين للمحاكمة المصادف ١٠/٦/١٩٩٨ تشكلت المحكمة بحضور المدعي العام السيد صبيحه محمد واحضر المتهمين ودونت هوياتهم وحيث انهم لم يوكلوا محام وعملاً باحكام المادة (١٤٤) من الاصول الجزائية فقد انتدب المحامي السيد عبدالله احمد اسماعيل للدفاع عنهم وبالمناداة … قرار الاحالة علنا و دونت اقوال المدعين بالحق الشخصي … طاهر عبدالله وطارق شيرين سوفي والشهود كل من جمال نادر محمد والملقب حاجي … … محمد و … كمال سعيد . وقرأت المحكمة نص المحاولة القضائية … على القاصرة … ملتمس للمطالبة بحقوقها وحضرت وقدمت طلباتها وتم تلي محضر الكشف على محل الحادث ومخططه ومحضر كشف الدلالة ومحضر ضبط الاسلحة والمبرزات الجرمية ، ولم ترتبط بالاوراق استمارة التشريح الطبي العدلي الخاصة بالمجنى عليهم لانهم … من قبل منتسبي الحزب الديمقراطي الكوردستاني الايراني ولم يسمحوا بتنظيم الاستمارات والكشف على جثثهم ولا يعرف مكان دفنهم ودونت افادة المتهمين كل على انفراد ووجهت لهم التهمة وفق المادة (٤٠٦/١/أ) من قانون العقوبات وبدلالة المواد (٤٧ و٤٨ و٤٩) منه وقرأت عليهم وشرحت لهم اجابوا عنها بالانكار وتم استمعت المحكمة الى مطالعة المدعي العام والى لائحة وكيل الدفاع والى اخر اقوال المتهمين ولاجل التدقيق اجلت المرافعة وفي الجلسة المؤرخة في ٢٠/٦/١٩٩٨ تشكلت المحكمة كالسابق بحضور المدعي العام واحضر المتهمين كما حضر وكيلهم المنتدب . سئل المتهمين عما اذا كانت لديهم اقوال اخرى اجابوا بالنفي وبعدها اعلن ختام المحاكمة ووضعت القضية قيد التدقيق والمداولة :-

لدى التدقيق والمداولة :- وجد من سير التحقيق والمحاكمة ومن الادلة المتحصلة المتكونة من شهادة المدعين بالحق الشخصي … طاهر عبدالله وطارق شيرين سوفي والشهود كل من جمال نادر محمد و رانا عبدالغني مجيد و … كمال سعيد ومحضر الكشف على محل الحادث ومخططه ومحضر كشف الدلالة ومحضر ضبط الاسلحة والمبرزات الجرمية واقوال المتهمين في كافة المراحل وتبين لهذه المحكمة انه بتاريخ ٨/١٢/١٩٩٧ اتصل … من الحزب الديمقراطي الكوردستاني الايراني الى مجموعة من منتسبي مكتب العلاقات الايرانية وبعد ما ادى اطلاق النار تمكنوا من سرقة سيارتهم نوع بيكاب … في منطقة … التابعة لقضاء دوكان وبداخلها المستمسكات المتعلقة بالعلاقات بين حكومة الجمهورية الاسلامية الايرانية والاتحاد الوطني الكوردستاني واثر ذلك تم الاتصال بالمسؤولين لغرض اعادة السيارة وتفادي لوقوع ارباك ام مسلح في المنطقة بين الطرفين وصدرت الاوامر من المسؤولين الى مديرية اسايش اربيل لارسال مفرزة الى نقطة سيطرة … في مدخل كويسنجق لضبط سيارتين نوع برازيلي بيضاء اللون باحدى الارقام ١٢٠٧٦ والقياد من بداخلها الى دائرة اسايش اربيل في كويسنجق واعادة السيارة المسروقة و المستمسكات التي كانت بداخلها وبناء على ذلك تم ارسال مفرزة من افراد الاسايش قوامها (١٧) سبعة عشر فرداً بامرة المتهم ملازم ارسلان حمه سور حمه امين الى نقطة السيطرة لتنفيذ الاوامر الصادرة اليهم واثناء قيامهم بتادية الواجب حضرت السيارة المطلوبة المرقمة ١٢٠٧٦ نوع برازيلي قادمة من جهة جبل هيبت سلطان باتجاه كويسنجق وتم ايقافها وبداخلها اربعة مسلحين ببنادق كلاشنكوف وطلب منهم امر المفرزة ابراز هوياتهم للتعرف عليهم الا انهم رفضوا ذلك ورفضوا مرافقته الى مديرية الاسايش واثناء تبادل الاحاديث قام

الرئيس … العضو … العضو فاروق عبدالواحد مصطفى

- القـــــرار -

العدد/ ٢٢٥/ج/ ١٩٩٨

سائق السيارة البرازيلي التي تم ايقافها برفع البندقية التي كانت بحوزته واطلق النار باتجاه امر المفرزة الا انه اصاب المدعو علي حسين عبدالله وهو احد افراد المفرزة واراده قتيلاً " وكذلك قام بقية ركاب السيارة باطلاق النار مما ادى الى اصابة نجاة علي حسين هو الاخر من افراد المفرزة وعلى اثرها قام المتهمون من جانبهم باطلاق النار على السيارة و مقتل جميع ركابها .. وترى هذه المحكمة ان المتهمين باعتبارهم من منتسبي دائرة الاسايش ومكلفين بواجب رسمي ارتكبوا الفعل تنفيذاً "لامر صادر اليهم من رئيس تجب عليهم اطاعة اوامره وتنفيذ تلك الاوامر تتفق مع حسن النية وتقتضيها مصلحة العمل وسرعة انجاز شؤون الاقليم والحفاظ على الامن والاستقرار والحيلولة دون وقوع اصطدام مسلح بين عناصر الحزب الديمقراطي الكوردستاني الايراني وتنسيق مكتب علاقات الجمهورية الاسلامية الايرانية في اقليم كوردستان وايد الشاهد جمال نادر محمد معاون مدير اسايش محافظة اربيل امام هذه المحكمة بصدور هذا الامر منه الى المتهمين وعليه فلا يعتبر فعل [illegible] المتهمين كل من ارسلان حمه سور حمامين وعبدالرزاق عثمان حسين وبرهان كامل محمد جريمة لانهم قاموا به بسلامة وتنفيذاً "لامر صادر من رئيسهم كما تقضي بذلك المادة ٤٠ من قانون العقوبات يجب عليهم اطاعته لذا قررت المحكمة عدم مسؤوليتهم وسحب التهمة الموجهة اليهم وفق المادة ٤٠٦/١-ز من قانون العقوبات وبدلالة المواد ٤٧ و٤٨ و٤٩ سنة واخلاء سبيلهم من التوقيف حالاً "مالم يوجد مانع قانوني يحول دون ذلك استناداً "الى احكام المادة ١٨٢/ د وهـ من الاصول الجزائية . واعادة البندقيات المرقمات ٢٦٨٥ و ٦٧١٣ - ٢٨٠٠ و ٣٨٣٦ المضبوطة بموجب محضر الضبط المؤرخ في ١/٤/١٩٩٨ الى مديرية اسايش اربيل للتصرف به حسب العائدية والاشعار الى مديرية اسايش السليمانية لتنفيذ ذلك بعد اكتساب القرار الدرجة القطعية . وتقدير اتعاب المحاماة للوكيل المنتدب بثلاثين دينار تدفع الى المحامي السيد عبدالله احمد اسماعيل من الخزينة بعد اكتساب القرار الدرجة القطعية .

وصدر القرار بالاتفاق وافهم علناً في ٢٠/٦/١٩٩٨.

| العضو | العضو | الرئيس |
|---|---|---|
| فاروق عبدالواحد صادق | لطيف سعيد محمود | لطيف طه محمود |

نامەی خاتوو  مەنال عەبدوللا بۆ سەرۆکی دادگە کە دوایلێکردووە کۆپی قەراری مەحکەمەی بدرێتێ:


بەڕێز/ سەرۆکی دادگای تاوانەکانی سلێمانی

ت/ داواکاری

داواکار

مەنال طاهر عبداللە

٢٠٠٩/١٢/١٨

خودموختاری بۆ کوردستان

دێموکراسی بۆ ئێران

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە: ٢٥٢
١٠ تمەن

سەرماوەزی ١٣٧٦
دیسامبری ١٩٩٧

## راگەیەندراو

خەڵکی بەشەرەفی کوردستان!
هاونیشتمانە بەڕێزەکان!
ڕێکخراوە گەورە کۆمەڵەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ!

ڕێژیمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران جارێکی دیکە جینایەتی خولقاند. سەر لە بەیانیی ئەمڕۆ دوو شەممە ١٧ی سەرماوەزی ١٣٧٦ (٨ی نوامبری ١٩٩٧) چەند کەس لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە حاڵێکدا بە دوو ماشێنی سواری لە شاری سلێمانی‌یەی کوردستانی عێراقەوە بەرەو کۆیە دەچوون، لە نزیک شاروچکەی دوکان کەوتنە بەر هێرشی چەکدارانەی

٣

## وتاری سکرتێری گشتیی حیزب بە بۆنەی کارەساتی ١٧ی سەرماوەزی ڕێگای دوکان ـ کۆیە

ڕۆژی ١٨ی سەرماوەزی ١٣٧٦، بە دوای بە خاک سپاردنی تەرمی شەهیدانی ڕۆژی ١٧ی سەرماوەز لە گۆڕستانی شەهیدانی حیزب، کۆبوونەوەیەکی پڕشکۆ و سەرەخۆشی بە بەشداریی ئەندامانی ڕێبەری و سەدان کەس لە تێکۆشەرانی حیزب لە بنکەیەکی سەر بە دەفتەری سیاسی پێک هات.

هەیئەتێکی دەفتەری سیاسیی ڕێکخراوی خەباتی شۆڕشگێڕ کە بە مەبەستی هاودەردی لەگەڵ حیزبی دێموکرات و سەرەخۆشی لە بنەماڵە و هاوسەنگەرانی شەهیدەکان هاتبوو، لەم کۆبوونەوەیەدا بەشدار بوو. لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا چەندین ئایەت لە قورئانی پیرۆز خوێندرا. پاشان سکرتێری گشتیی حیزب هاوڕێی تێکۆشەر عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە قسەی بۆ بەشداران کرد.

لە دوایی‌دا بەشداران پرسە و سەرەخۆشی و هاوخەمیی خۆیان لە نزیکەوە بە کەس و کاری شەهیدەکان ڕاگەیاند و لەگەڵ گیانی پاکی شەهیدەکانیان پەیمانیان نوێ کردەوە کە بە ڕێبازیان هەروا وەفادارین و نەهێڵن ئاڵای خەبات و تێکۆشانیان بکەوێتە زەوی.

لێرەدا سەرنجی خوێنەران بۆ خوێندنەوەی وتاری سکرتێری گشتیی حیزب لەم کۆبوونەوەیەدا ڕادەکێشین:

***

هاوڕێیانی تێکۆشەر!

بەداخەوە جارێکی دیکە لە مۆناسەبەتێکی ناخۆش‌دا لە دەوری یەکتر کۆ بووینەوە. ئەمڕۆ پێکەوە دانیشتووین تا غەمی لەدەست چوونی دەستەیەکی دیکە لە ئازیزترین هاوڕێکان

٣

نامەی سەرئاوەڵا ٤

## ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان

بێ‌بەش

جارێکی دیکەش ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان هاتەوە، ڕۆژی ئەو قارەمانە خەباتگێڕانە کە بە بیروباوەڕی پێشکەوتووانە و چەکی ئاورین تەیارن و لە پێناوی وەدی هێنانی ئامانجە ڕەواکانی گەلەکەیاندا لە هیچ فیداکارییەک، تەنانەت لە بەخت کردنی گیانی شیرینیشیان دریغی ناکەن.

٤

## هەشتەمین کۆنفرانسی سەرانی وڵاتانی ئیسلامی

م. ئەمین

هەشتەمین کۆنفرانسی وڵاتانی ئیسلامی، ڕۆژی سێ‌شەممە ١٨ی مانگی سەرماوەزی ساڵی ١٣٧٦ی هەتاوی بەرامبەر بە ٩ی دیسامبری ١٩٩٧ی زایینی بە وتاری خامنەی ڕێبەری مەزهەبیی کۆماری ئیسلامی، لە تاران دەستی پێ کرد. لەم کۆنفرانسەدا هەیئەتەکانی پایەبەرزی ٥٥ وڵاتی ئەندام و سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەشدار بوون. هەوڵەکانی ڕێژیم لە یەک ساڵی ڕابردوودا بۆ ڕاکێشانی سەرانی وڵاتانی ئەندامی کۆنفرانسی ئیسلامی و هان دانیان بۆ بەشدار بوون لە کۆنفرانسی تاران‌دا، تەرخان کردنی هەزینەیەکی سەدان میلیۆن دۆلاری بۆ بەڕێوەچوونی کۆنفرانس و داخستنی بە

٥

لەم ژمارەیەدا

● ئاڵۆزکی‌یە نێوخۆیی‌یەکانی ڕژێم ............ ٦
● ڕاگەیەندراوی کومیسیۆنی سیاسی - نیزامی ....... ٨
● پەیامەکانی سەرەخۆشی و هاودەردی ............ ٨
● سوپاس و پێزانین ....... ١٢
● «گوڵە پەڕ پەڕ بووەکانی نێو سەنگەری خەبات» ......... ١٢

**بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی**

# ڕاگەیەندراو

درێژەی لاپەڕی ١

تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی. بەو پەڕی داخ و پەژارەوە لە ئاکامی ئەو دەسڕێژە تێرۆریستییەدا، خەباتگێڕی ماندوویی نەناس کاک مەنسوور فەتتاحی ئەندامی کادری ڕێبەری و بەرپرسی کۆمیتەی حیزبی شارستانی پاوە، شەهید کرا و سێ کەسی دیکە لە تێکۆشەران بریندار بوون.

تێکۆشەرانی هاوڕێی ئەوان وێڕای خۆڕاگرییەکی دلێرانە، هێرشکەرانیان ڕاونا و ماشێنێکی تێرۆریستەکانیان کە کارتی پێناسی فەرماندەری تێرۆریستەکان و ڕادەیەکی زۆر بەڵگەنامەی تێرۆریستی و جاسووسی تێدابوو، بە دەستکەوت گرت. ئەو هاوڕێیانە دوای کۆتایی هاتنی تێکهەڵچوونەکە بەرەو شوێنی مەبەست وەڕێ کەوتن. بەڵام بەو پەڕی سەرسوڕمانەوە لە خاڵی پشکنینی دەروازەی کۆیە کەوتنە بەر دەسڕێژ و هەموویان شەهید کران. ناوی ئەو شەهیدانە بریتییە لە: ١ـ سیدمنصور ناصری، ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە شاری سلێمانی. ٢. ابوبکر اسماعیلزادە (سامال) بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی بانە. ٣. رفعت حسینی لە کۆمیتەی پاوە و ٤. یداللە شیرین‌سخن لە هێزی پارێزگاریی دەفتەری سیاسی.

ئێمە وێڕای دەربڕینی داخ و پەژارەی قووڵی خۆمان بە بۆنەی شەهید بوونی ئەم هاوڕێیانەو سەرەخۆشی لە هاوسەنگەرە خەباتگێڕەکانیان و بنەماڵە بەڕێزەکانیان داوا لە هەموو ڕێکخراوە سیاسییە ئێرانییەکان، کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و سەرجەمی خەڵکی کوردستان و هەروەها ڕێکخراو و کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان دەکەین دژی ئەم جینایەتانەی کۆماری ئیسلامی دەنگ بەرز بکەنەوە و لە هەر ڕێگایەکەوە بۆیان دەکرێ، کۆتایی بەم ئینسانکوژییانە بێنن.

هەر لەو کاتەدا داوا لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (عێراق) وەک حیزبی دەسەڵاتداری ناوچە دەکەین ئەم ڕووداوە بۆ خەڵکی کوردستان ڕوون بکاتەوە و بەرپرسانی تیرۆری چوار خەباتگێڕی دێموکرات لە دەروازەی شاری کۆیە کە لە بەرگی پێشمەرگەی ئەم ڕێکخراوەدا ئەو جینایەتەیان خوڵقاندووە، بەسزا بگەیەنێ.

ڕوون کردنەوەی زیاتر لەبارەی ئەم ڕووداوە و ژیاننامەی خەباتگێڕانی شەهید، دواتر بە ئاگاداریی هاونیشتمانە بەڕێزەکان دەگا.

سڵاو بۆ گیانی شەهیدەکان و نەفرەت و ڕووڕەشی بۆ کۆماری ئیسلامی

دەفتەری سیاسیی
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
٧٦/٩/١٧ (١٩٩٧/١٢/٨)

## وتاری سکرتێری گشتیی حیزب بە بۆنەی کارەساتی ١٧ی سەرماوەزی ڕێگای دوکان ـ کۆیە

درێژەی لاپەڕی ١

هاوسەنگەرانمان لە نێو خۆماندا دابەش بکەین، ئیعتیراف دەکەم کە لە موناسەبەتێکی وا تاڵدا ناتوانم بەو جۆرەی پێویستە دەردی دڵی خۆم دەربڕم.

کۆبوونەوەی ئەمڕۆمان بۆ ڕێزگرتن لە یادی پێنج ڕۆڵەی بەوەجی دێموکراتە کە دوێنێ لە ئاکامی دوو هێرشی تێرۆریستیدا شەهید بوون. کاک منصور فتاحی، کاک سیدمنصور ناصری، کاک ابوبکر اسماعیلزادە (سامال)، کاک رفعت حسینی و کاک یداللە شیرین‌سخن. سێ لەو هاوڕێیانە لە ڕاستیدا بەشێک لە کادری ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوون.



کەم کەس لە تێکۆشەرانی بە ڕابردووی حیزب هەیە کە منصور فتاحی هەر لەو وەختەوە کە لاوێکی تازە پێگەیشتوو بوو، نەناسی و لێی شارەزا نەبێ. ئەو لە سەنگەرەوە پاڵی وەک پێشمەرگەیەک دەستی پێ کرد، بەڵام هەر لەو کاتەدا لە سەنگەری خوێندن و عیلم و مەعریفەتیشدا خۆی پێ گەیاند. ئەندوختەیەکی زۆر لە تەجرەبەی سیاسی و لە ئەزموونی تەشکیلاتی هەبوو. منصور فتاحی، بێجگە لەوە کە لە فیداکاری و لە ئامادەیی بۆ وەرگرتنی مەسئوولییەتی حیزبیدا نموونەی ئینسانێکی بە دیسیپلین بوو، بە حەق لەو کەسانە بوو کە بۆ مودیرییەت و بۆ توێژینەوە دەکرێ بە نموونەیان حساب بکەین.



لەگەڵ سیدمنصور ناصری تەقریبەن پێنج ساڵ یان شتێک کەمترە کە لە نزیکەوە هاوکاری دەکەم. قەت بۆ جارێک نەبوو تەنانەت گلەییشمان لێی هەبێ لە بەڕێوەبردنی کارەکانیدا. لە بەرخورد لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە لەگەڵیان تەرەف دەبوو، بەڕاستی نموونە بوو. ئینسان کە لەگەڵ سیدمنصور ناصری بەرەوڕوو دەبوو، هەرچەندە لە پلەی مەسئوولییەتدا لەویش گەورەتر بایە، بە خۆی نەبوو نەک هەر حورمەتی بۆی هەبوو، بەڵکوو وەک شتێک سامی لەو هەموو مەتانەت و ئەزاکەتەی دەکرد.



سامال ئیسماعیلزادەش، هەمووتان باشی دەناسن. چونکە ماوەیەکی کەمە هەمووی دوو سێ ساڵە کە لێتان دوور کەوتووەتەوە. ئەگینا هەر لەم دەوروبەرە بوو. لە هەر مەسئوولییەتێکدا کە پێی سپێردرابا سەر بەرز و ڕووسوور دەهاتە دەر. ڕووح سووک و بە ئەخلاق و نموونەی ئینسانێکی دڵسۆز بوو.

دەگەینە سەر باسی دوو قارەمانە پێشمەرگەکانمان: شەهید رفعت حسینی و شەهید یداللە شیرین‌سخن. ئەگەر ئیشتیباه نەکەم کاک یداللە تازەتر بوو، بەڵام

کوردستان







هەردووکیان لەو ئینسانە باشانە بوون کە دەبێ حیزبێک، میللەتێک شانازی پێوە بکا گوری وای هەن. بۆیە خەسارەتەکە زۆر گەورەیە.

ئێمە فێر بووینو عادەتمان کردووە کە شەهید بدەینو سەختیو تاڵی تەحەممول بکەین، هەر لە ڕۆژی یەکەمیشەوە دامان ناوە کە دەبێ هەم شەهید بوونی خۆمان تەحەممول بکەین، هەم شەهید بوونی ڕەفیقانمان. وەکوو ڕێبەری گەورەو لەدەست چوومان، دوکتور قاسملوو دەیفەرموو شەهید بوون بۆ ئێمە ئاوات نیە، بەڵام ئەو وەختە کە پێویستە لە پێناو عەقیدەماندا شەهید بین، سڵ لە مردن ناکەینەوە. ئەوە شتێک نیە ئێمە بیڵێین، دۆستو دوژمن شاهیدیمان بۆ دەدەن. بەڵام ئەوەی ئەو داخەی ئێستەمان گرانتر دەکا، شتێکی دیکەیە. ئەوە ئەوعێکی تازە لە مردنە.

ئەوەندەی مەربووت بە شەهید بوونی کاک منصور فتاحی‌یە، هەرچەند ئەوە ئەوەڵین نموونە نیەو زۆر نموونەی دیکەی وامان هەن، بەڵام یەکێک لە بەرزترین نموونەکانی مردنی ئازایانەو فارەسانانەیە. ئینسان لە ماشین دابێ، ئەویش لە برازیلیدا، تیرۆریست لە هەردوو تەرەفی جادەوە تەقەی لێ بکەن، بەڵام نەخەجلێ، نەپەشۆکێ، دەست بۆ تفەنگەکەی بەرێو پەلاماردەران مەجبوور کا هەڵێن، ئەوە ڕەنگە هەر لە کورانی زوبدە بوەشێتەوە.

منصورو هاوڕێکانی تیرۆریستەکانیان تاراند، تەواوی تفەنگو سەداریکو بەشێک لە سیلاحەکانیشیان لێ بە دەستکەوت گرتن. ئەمە لە ئەوعی خۆیدا شتێکی تازەیە. یەکەم نموونەی لەوبارەوەیە. هەروەخت لێیان داوین توانیویانە شێتەنکە بکەن. بەڵام ئەمجارە بە ئازایەتیو دلێریو وریەبەرزیی ڕەفیقەکانمان، ئەوانە دەرنەچوون، هوویەتیان مەعلوومە. چی لە بارەیان پێویستە ڕوون بۆتەوە.

دەچینە سەر شەهید بوونی چوار ئازیزی دیکە، سیدمنصورناصری، کاک سامال، کاک ڕەفعەتو کاک یەدالله. ئەوە کە ئەو ئازیزانە شەهید بوونو لەدەست چوون، داخێکی گەورەیە. بەڵام داخێک کە لە شەهید بوونەکەیان گەورەترە ئەوەیە کە ئەوان ئەو وەختە شەهید دەبن کە هاتبوونە شوێنی ئەمن.

باسی مەزلوومییەتی «حسین» لە کەربەلا دەکەن. حوسێنەکانی ئێمە بەراستی لە حوسێنی کەربەلایە مەزلوومتر بوون. ئەوان دوو ماشینی سەرئاوەڵاو هەرووەی ٣ پێشمەرگەیان بە هاوارەوە چوو بوو. بەڵام بۆ خۆیان بێ پێشمەرگە هاتبوون بۆ ئەوەی حاڵەتی ئیحترامی‌یان نەبێ، کەچی ڕاست لەو جێیە کە ئینتیزار دەکەن لە خەتەر نەجاتیان بووبێ، دەدرێنە بەر دەسڕێژو داپێز دەکرێن.

ئەوە ئەگەر لە لایەکەوە داخێکی گرانە، لە لایەکی دیکەوە لاپەڕەیەکی ڕەشە کە دەکەوێتە نێو تاریخی هەموو گەلی کورد نەک هەر ئەوانە کە ئەو کارەیان کردووە ... .

ئێمە هەروەک تا ئێستا داغمان بە جەرگی خۆمان داگرتووە، ئێستاش داغ بە جەرگی خۆمان دادەگرین ... بەڵام ناشتوانین لەو کارەساتە خۆش بینو ڕێگا بدەین هەروا بڕوا. ڕەنگە ڕاگەیەندراوێکی کورت کە دەفتەری سیاسی لەو بارەیەوە بڵاوی کردۆتەوە بە دەستی هەمووتان گەیشتبێ، ئێمە ئیشارەمان بە مەوزووعەکە کردووەو گوتوشمانە کە دەبێ یەکیەتیی نیشتمانی «توضیح» بۆ خەڵکی کوردستان بداو ئەو جینایەتکارانە کە لە بەرگی پێشمەرگەی یەکیەتیی نیشتمانی‌دا ئەو تاوانەیان ئەنجام داوە، سزا بدا. بەرپرسانی یەکیەتیش کە هاتوونە لامان دەڵێن: ئێمە چی پێویستە دەیکەینو لەو تاوانە خۆش نابین. بەڵام نۆزێک‌ان لێ ڕاوەستن. دیارە نۆزێک، نەک الی‌الابد. بڵێین حەفتەیەک بۆ تەحقیق. گوتوومانە باشە. ئێمە ڕادەوەستینو چاوەڕێی ئینقدامی ئێوە دەبین....

وەدەنگ هاتن لەسەر ئەو تاوانە هەر بە زەمانی چەند نابێ، زەمانی چەند ئێستا بەتایبەتی لەبارەی کوردەوە زەمانێکی ڕسوایە، کە بۆ چاری گیروگرفتەکانی ئێوەخۆ بەکاری دێنن. بەراشکاوی پێمان گوتوون ئێمە ئەو تاوانە بە کاری هێندێ کەس دەزانین کە خۆیان بە دوژمن فرۆشتووەو لە ڕیزەکانی ئێوە دان. هەروەک لە ڕیزەکانی خۆشماندا کەسانی وا هەبوون کە خۆیان فرۆشتووەو تاوانیان کردووە،

بەڵام ناسراونو بە سزا گەیشتوون. گوتوومانە ئەوە کاری یەکیەتیی نیشتمانی نیە. بەڵام ئەگەر یەکیەتیی نیشتمانی لێی نەپرسی‌یەوە، ئەو وەخت یەکیەتیی نیشتمانی بە مەسئوول دەزانین. داوای کۆمیسیونی تەحقیقی موشتەرەکیان کرد. ئەوەشمان نەکرد، چونکە پێمان وایە مەسەلەکە لەوە ڕوونترە کە لێکۆڵینەوەی بوێ. جائەگەر دۆستانی یەکیەتی ئیقدامێکیان کردو ئەو تاوانەیان لە یەکیەتیی دوور خستەوە، ئێمەش سپاسیان دەکەین. ئەگەر نەشیان کرد، با ئێمە مەسئوول نەبین کە گۆیا پێکەوە بەو نەتیجەیە گەیشتووین کە ئەمانە خەتایان نەبووە. ئاخر لە چی بکۆڵینەوە؟ هاوڕێیانی ئێمە بە ئانکەوە هاتبوون کۆیە بگرن؟! کامیان لە ماشینەکە هاتبووە دەرێ؟ هەموویان لە نێو ماشینەکەدا شەهید بوون!! بۆیە مەسەلەکە کوڵکان کوێی نادەبێ.

بەو بۆنەیەوە لە تەرەف دەفتەری سیاسی‌یەوە سەرەخۆشی لە هەمووی ئێوەو هەموو هاوسەنگەرانی ئەو ئازیزانە دەکەم. پاشان سەرەخۆشی لە خەڵکی کوردستانو لە بزووتنەوەی سەرتاسەریی ئێران دەکەم. چونکە بە حەق لە دەستچوونی ئەو تێکۆشەرانە خەسارەتێکی گرانە بۆ کوردستانو سەراسەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی. ئیجازەم بدەن لە تەرەف هەمووتانەوە، سەرەخۆشی عەمزی هەموو بنەماڵەو کەسو کاری شەهیدەکانمان، لە شارەکانیانو لە ناوچەکانی خۆیانو بە تایبەتی هاوڕێیانی حیزبی بکەم کە لێرە دانیشتوون. دڵنیام کە ئێمە لەم ڕووداوەش هەر وەکوو زۆر ڕووداوی تاڵی دیکە بە ڕووسووریو سەربەرزی دێینە دەرێو هەروەکوو شیعاری لە میزێنەی حیزبەکەمان دەڵێ: «باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژەدانی ڕێگاکەیانە»، پێویستە بە هەمووماندا دەبێتە تەڕەنگی ئەو ئازیزانە، قەڵەمی ئەو ئازیزانەو نەیەڵین ئاڵاکەیان بکەوێتە سەر عەرز، با سەعی بکەین هەر کام لە ئێمە بەتایبەتی لاوەکان «منصور فتاحی»یەکو «منصور ناصری»یەکو سامال ئیسماعیل‌زادە»یەکو ڕەفعەتێکو «یدالله»یەک بین. عومری درێژیان بۆ ئێوە بەجێ هێشتبێو ڕێگاکەیان بەردەوام بێ.

منبع : www.peshmergekan.com ............. 12-12-2009